

# ڤۆڵتێر، سەرمەشقی ڕۆشنگەری ئەوروپی

مۆنتیسکۆ

هاشم ساڵح
و: شوان ئەحمەد

مێژوی فیکر کەسێکی وەهای بەخۆیەوە نەدیووە، هێندەی "ڤۆڵتێر" هەموو ژیانی خۆی بۆ دژایەتیکردنی دەمارگیری ئایینی تەرخان کردبێت. هەر کاتێکیش ڕق و دەمارگیری ئایینی سنوریان بەزاند و توند ڕەوەکان کەوتنە بڵاوکردنەوەی گەندەڵی لەسەر زەوی خەڵکی لە هەموو شوێنێکی دنیادا پەنای بۆ دەبەن. "ڤۆڵتێر" لە پێناو لێکبوردن و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئایین و ئاقارە جیاوازەکان، بەردەوام بێ هیچ دو دڵی و وەڕس بونێك کتێبەکانی خۆی دەنوسی.ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیە بوبێت "نیچە" یەکێك لە کتێبەکانی خۆی پێشکەش دەکات و دەنوسێت: (پێشکەشە بە ڤۆلتێر، یەکێك لە مەزنە ئازادیخوازانی ڕۆحی مرۆڤایەتی).

"ڤۆڵتێر" بە نوسین و تیۆریزە کردن دانەکەوت، بەڵکو هاتە ناو گۆڕەپانی جەنگەوە لە پێناو بەرگریکردن لەو کەسانەی بە هۆی فیکر و بیرو ڕایانەوە دەچەوسانەوە.. هەر چەندە ئەو خۆی کەسێك بوو پشتاو پشت کاتۆلیکی بوو، بەڵام بەرگری لە پرۆتستانت دەکرد و چەند جارێکیش لە

پێناو ئەم مەسەلەیەدا ژیانی خۆی خستۆتە مەترسیەوە. دواتر لەسەر ڕێبازی "ڤۆڵتێر" مەزنە ڕۆشنبیرانی فەرەنسای وەك "ڤیکتۆر هۆگۆ و ئەمیل زۆلا و جان پۆڵ سارتەر" و دەیەها ی تری وەك ئەوان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، داکۆکیان لە مافی سەربەخۆیی جەزائیر کرد. ئەو ڕۆشنبیرانە لەو کاتەدا و لە پێناو هەقیقەتدا دژی سیاسەتی وڵاتەکەی خۆیان وەستانەوە، وەك چۆن پێشتر "ڤۆڵتێر" لە پێناو بەرگریکردن لەو کەسانەی تەنها لەبەرئەوەی سەربە مەزهەبێکی دیکە بوون دەچەوسێنرانەوە، دژی ئاینزاکەی خۆی وەستایەوە.

"ڤۆڵتێر" بەو پێیەی پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، دەیتوانی بە تەنها و ئاسودە بێ ئەوەی دوچاری مەترسی و ڕق بێت و ڕووبەڕووی تەنگو چەڵەمە بێتەوە، بۆ خۆی بژی و دەرباسیی هیچیش نەبێت، بەڵام هەر زوو درکی بەوە کرد کە گەر بێتو بێدەنگ بێت لە ئاست ئەو تاوانانەی کاتۆلیکە دەمارگیرەکان بە ناوی ئایینی مەسیحیەوە ئەنجامی دەدەن، ئەوا خۆی لە چاکترین و بەنرخترین شتێك دا دەماڵێ (کە ڕۆشنبیر لەوانی تر جیا دەکاتەوە)، ئەویش بریتی‌یە لە داکۆکی کردن لە کێشەکانی هەق و عەدالەت.

یەکێك لە گرنگترین ئەو مەسەلانەی "ڤۆڵتێر" بەرگری لێکردووە، کێشەی خێزانێکی پرۆستتانتی بوو کە ناسرابوون بە "کالاس" و لە شاری (تۆلۆز) دەژیان.. "جان کالاس"ی باوك بەوە تاونبار کرا کە "ئەنتوان"ی کوڕی لەبەرئەوە کوشتووە، گوایە ویستویەتی ئاینزای خۆی بگۆڕێ و ببێتە کەسێکی کاتۆلیکی. لەبەرامبەر ئەم کارەدا تەواوی خەڵکی شاری (تۆلۆز) ڕاپەڕین و کردیان بە هەرا، ئەو سەردەمە فەرەنسیەکان زۆر توندڕەو بوون و داوای ئەوەیاندەکرد "جان کالاس" یان بدرێتە دادگا یاخود دەستبەجێ سەری لە لاشەی جیابکرێتەوە. دادوەرانیش ناچار لە ژێر فشاری زۆری خەڵك و هەست و سۆزی کاتۆلیك مەزهەبەکاندا فەرمانێکی بەپەلەیان دەرکرد، بە ئەشکەنجەدانی و تێکشکاندنی ئیسکوپروسکی تا ئەو کاتەی دان بەو تاوانەیدا دەنێت کە نەیکردووە. کاتێك ئاگریانکردەوە تا بیسوتێنن (تەواو وەکی ئەوەی لە سەردەمی دادگاکانی پشکنیندا ڕوویداوە)، لێیان پاڕایەوە کە ئەو کەسێکی بە ساڵاچوە، بەڵکو بەر لەوەی بیخەنە ناو ئاگرەکەوە بیکوژن.

پاشان دوای چەند هەفتەیەك بۆیان دەرکەوت "کالاس" بێتاوانە، بەڵام لە ترسی ئەوەی ئابڕۆیان نەچێ دەسەڵاتدارانی سەرەوە بۆ کپکردنەوەی مەسەلەکەو بەرگرتن لە بڵاو بوونەوەی دەستیان خستە کارەکە، کەچی سەرەڕای ئەم هەوڵەش هەواڵەکە هەر بڵاوبووەوە و کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە "ڤۆڵتێر" کەللەیی بوو. ئیتر لە تەواوی ئەوروپادا (نەك تەنها فەرەنسا) دەنگی ناڕەزایی لە دژی فێندەمێنتالستە کاتۆلیکیەکان بەرزبووەوە. لەو ساتە وەختەدا "ڤۆڵتێر" لەو پەڕی ناوبانگ و شکۆمەندی خۆیدا بوو، بۆیە هەر دوای ئەوەی بە وردی لە دۆسیێی ڕوداوەکەی کۆڵیەوە، دادگای ناچارکرد سەر لە نوێ دادگاییەکە بکەنەوە. سەرەنجام بێتاوانی "جان کالاس" دەرکەوت و هەموو تێگەیشتن کە ئەو بوو بە قوربانی دەمارگیری مەزهەبی کوێرانە.. لەسەرو بەندی ئەم کێشەیەدا "ڤۆڵتێر" کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی (پەیامێك دەربارەی لێکبوردن) نوسی. با بزانین ئەم بیرمەندە چۆن چۆنی ئەو مەسەلەیە دەخاتە بەر باس و بەشێوەیەکی هەمەلایەن لێی دەکۆڵێتەوە، بەمەش بزوتنەوەی فیکری ڕۆشنگەری و لێکبوردن لە هەموو شوێنێکی ئەوروپادا بڵاودەکاتەوە.

"ڤۆڵتێر"دەڵێت: (ئەگەر پێتان وایە باوەڕ نەبوون بە ئایینی زۆرینە تاوانە، ئەوا ئێوە بەم کارەتان دژی باب و باپیرانی مەسیحی خۆتان دەوەستنەوە، کاتێك ئەوان لە ناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لە کەمایەتییەك زیاتر نەبوون، بەڵکو بەم کارەشتان پاساو بۆ ئەو ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوەیە دەهێننەوە کە لەو کاتەدا هەبووە)، بەڵام دەزانم ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن: (لە نێوان ئەو قۆناغە و قۆناغی ئێستاماندا جیاوازی زۆرە، هەموو ئایین و ئاینزاکانی دیکە مرۆڤ خۆی دروستی کردون جگە لە مەزهەبی کاتۆلیکی نەبێت کە خوا دروستیکردووە). بەڵام ئەگەر وامان دانا ڕاستدەکەن، ئایا دەبێت ئاینەکەمان لە ڕێگای ڕق و کوشتن و ئەشکەنجەدان و تیرۆرەوە زاڵ و باڵ دەست بێت؟

مادامەکی ئاینی مەسیحی ئاینێکی یەزدانیە، ئیتر بۆ مرۆڤ نییە دەستی تێبخات و بە ناوی ئەوەوە حوکم بدات. ئەگەر خوا خۆی ئەم ئایینەی دروستکردووە، ئەوا هەر خۆشی دەتوانێت بەبێ پاڵپشتی ئێوە بیپارێزێت.. ئێوە دەزانن دەمارگیری جگە لە کەسانی یاخی و دوو ڕوو کەسی تر بەرهەمناهێنێت.. چ هەڵبژاردنێکی نەگریسە؟!

ئێوەی دەتانەوێت لە ڕێگەی جەلادەکانەوە پشتیوانی ڕێبازی خودا بکەن و ڕۆشنی بکەنەوە، لە کاتێکدا هەر جەلادەکان بوون دامەزرێنەری ئایینەکەیان کوشت کە مەسیحە. سەرەڕای ئەوەش هەموو زۆر باش دەزانن مەسیح لە ژیانیدا جگە لە چاکە و لێبوردن و دان بە خۆدا گرتن، ڕێگەی بە هیچی تر نەداوەو تەواوی ئینجیلیش شاهیدی ئەو ڕاستیەیە.. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم فێندەمێنتالستە کاتۆلیکیەکان ناشیرینیەکی تریان نواند کە هیچی لەوەی پێشتر کەمتر نەبوو، ئەویش ڕوداوێکە کە بە چیرۆکی "دولابار" بەناوبانگە وئەمەش پوختەکەیەتی: لە یەکێك لە شارۆچکەکانی فەرەنسادا ڕووداوێکی سەیر قەوما.. بەیانیەك کە خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بە ئاگادێن دەبینن ئەو خاچەی لەسەر پردی شارەکە هەڵواسراوە لایەکی براوەتەوە. تەواوی خەڵکەکە ترسیان لێنیشت، چونکە ئەوە مانای لەناوبردنی پیرۆزترین شتەکانی مەسیحیەت بوو کە خاچەکەی مەسیح بوو. خەڵك لەو سەردەمەدا زۆر بە توندی پابەندی ئایین و ترادسیۆنی خۆیان بوون. قەشەی ئەو شوێنە داوای لە خەڵکەکە کرد کۆبنەوەو بە ڕێوڕەسمێکی ئایینی بکەونە ڕێپێوان تا دەگەنە سەر پردەکە و لەوێ ڕوبکەنە خواو داوای لێبوردن بکەن.

قەشە لە ژێر خاچەکەدا وەستاو ڕویکردە خەڵکەکە و وتی: (ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە شایستەی ئەوەن لەم دونیاو لەو دنیاش ئەشکەنجە بدرێن و تۆڵەیان لێبکرێتەوە). هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بۆیان ئاشکرابوو کە پەیکەرەکەی مەسیح لە گۆرستانەکەدا پیسایی پێدا کراوەو شێوێندراوە.. بەم کارە خەڵکی شارۆچکەکە ئەوەندەی تر توڕەبوون و کۆمەڵێ گەنجی هەرزەکاریان بەم کارە تاونبار کرد کە لە ناو خەڵکیدا بێزراوبوون و هەڵسوکەوتیان مایەی شەرمەزاری بوو.. ئەمانە سەر بە چاکترین بنەماڵەی ناوچەکە بوون و هەموویان کوڕی کاتۆلیکییەکان بوون. هەروەها هیچ کێشەیەکی مەزهەبی و ئاینییان نەبوو، ئەوەندە نەبێت گەنج بوون و وەك هەر گەنجێکی هاوتەمەنی خۆیان پەرۆشی خۆشی و ڕابواردن بوون. دوا خەمیشیان ئەوەبوو بچن بۆ کڵێسا و ڕێو ڕەسمە ئایینیەکان جێبەجێ بکەن. لە ناو ئەو گەنجانەدا کوڕێك هەبوو ناوی "جان فرانسوا لۆڤیڤەر" بوو کە پێیان دەوت "دۆلابار". ئەم کوڕە کەسێکی بێ دایك و باوك و هەتیوو بوو، بۆیە پوری (کە سەرۆکی کڵێسا) بوو لەو خانوەی کەوتبووە پشتی کڵێساکەوە بەخێوی دەکرد. خەڵکی ئەو

شارەۆچكەیە بە هۆی هەندێ كێشەی كۆنەوە كە هیچ پەیوەندیەكی بە ئایین و باوەڕداریەوە نەبوو، دەیانوسێت تۆڵە لە خێزانی "دولابار" بكەنەوەو ئەو بە تاونباری ئەو كارە بزانن. بۆیە هەموویان چاویان خستە سەر ئەو و گومانیان لێ پەیدا كرد. ئیتر تۆمەتی جنێودان و كفركردن یان گاڵتە پێكردن و سوكایەتی پێكردنی شتە پیرۆزەكانیان دایە پاڵی.

ئەگەر چی لێكۆڵینەوەكان دەریانخست ئەو لەو شەوەی خاچەكەی تێدا شێوێنراوە لەسەر پردەكە نەبووە، بەڵام خەڵكەكە هەر سوربون لەسەر تاونباركردنی. بەو جۆرە تۆمەتێكی درۆیان بۆ هەڵبەست.. پاش ئەوەی ژوورەكەشیان پشكنی چەند كتێبێكی قەدەغەكراویان تێدا دۆزیەوە، نمونەی ئەو كتێبانەی باس لە غەزەل و ئافرەت و سێكس دەكەن، سەرباری فەرهەنگی فەلسەفی "ڤۆلتێر".. هەروەها سەر هەڵنەبڕینی ئەویان لەو كاتەی ڕێو ڕەسمێكی ئایینی بە بەردەمیدا تێپەڕیووە بە بەڵگەی بێ باوەڕی "دۆلابار" نیشاندا.. دەرهەق بەم كارانە فێندەمێنتاڵستە توندڕەوەكان داوای پارچە پارچەكردن و سوتاندنیان كرد، چونكە مانەوەیان لەسەر زەوی بە مەترسیەك دەزانی بۆ پیسكردنی پاكیەتی مەسیح. خەڵكی سەریان لەم سزایە سوڕما كە لەگەڵ قەبارەی تاوانەكەدا ناگونجێت، چونكە ئەو یاسا باوەی "لویسی شانزە" لەو سەردەمەدا دایڕشتبوو (1666) تەنها سزاكەی (داخكردنی لچ)ی ئەو كەسە بوو كە جنێو بە ئاینی مەسیحی بدات، ئەمە ئەگەر حەوت جار نەك یەك جار جنێوبدات یاخود پیرۆزیەكان بشێوێنێ.

بەڵام پێدەچوو فێندەمێنتالستە توند ڕۆكان ئەوەیان بە هەلێكی گونجاو زانیبێت بۆ ئەوەی حسابی خۆیان لەگەڵ فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریدا یەكلایی بكەنەوە كە ئەو سەردەمە بیرو بۆچونەكانیان زۆر بەخێرایی لە ناوخوێندەواراندا بڵاو دەبووەوە. ڕاوێژكاری دادگا كەسێك بوو لەش و لارێكی ڕەق و تەقی هەبوو، دەنگ و میزاجی زۆر توند ڕەوانە بوو پێیان دەوت "باسكیبێ"، ئەم پیاوە سەر بە توندڕەوترین توێژی فەندەمێنتالستەكان بوو: توێژی جانسینیەكان كە پەرلەمانی پاریسیان كۆنترۆڵكردبوو.

"باسكیێ" لە كاتی دادگایكردنەكەدا هێرشێكی توندی كردە سەر بیرو باوەڕی فەیلەسوفەكان بە تایبەتی "ڤۆلتێر" كە بەناو ناوی هێناو باسیكرد. پوختەی قسەكانی ئەم پیاوە ئەمە بوو: لەمڕۆ بە دواوە دەبێت دەرسێكی وای ئەو كافرانە دابدەین بیریان نەچێتەوە. هەروەها داوایكرد سزایەكی توندی ئەو هەرزەكارەش بدەن كە خۆیشی نەیدەزانی دوای ئەو هەموو ڕق و كینەی بەرامبەر بەو هەیانە چی بەسەردێت.. بەڵام سەرەنجام وەكی مەڕ ڕایانكێشا بۆ قەسابخانە و لەبەرچاوی خەڵكدا پارچە پارچەیان كرد، ئەەش بەر لەوەی بە شمشێر سەری لە لاشەی جیابكەنەوە. دەگێڕنەوەو دەڵێن "دۆلابار" تا ئەو كاتەشی سەری لە لاشەی كراوەتەوە چاوی و لێوەكانی هەر جوڵانونەتەوە. ئەم ڕووداوە ئەمەندە ترسناك بوو سەری پیاوی سپی دەكرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە فەندەمێنتالیستەكان لە هەر كوێیەك بن وەك یەكن و دەتوانن دزێوترین كارە نا مرۆڤانە و دڕندەكانی خۆیان ئەنجام بدەن.

"ڤۆلتێر" كاتێك ئەم هەواڵەی بیست تۆقی و ترسێكی قوڵ دایگرت.. ئەمە یەكەمجار بوو "ڤۆلتێر"ی سەر مەشقی ڕۆشنگەری توشی ترسێكی ڕاستەقینە بێت. تا ئەم ئاژاوەیە هێور بووەوە

ماوەی سێ مانگێك ماڵەکەی خۆی جێهێشت و لەبەر چاو ون بوو. ڕاستیەکەی "ڤۆڵتێر" چو بۆ لای پرۆتستانتەکانی دیکە کە لەو لای سنورەوە بوون، بۆ ئەوەی چیدی دەستی (برایانی کاتۆلیك) نەیگاتێ. لەو کاتەدا بیری لەوە دەکردەوە گروپی فەیلەسوفەکان لە پاریسەوە بانگ بکات بۆ ئەوەی شوێنێکی ئارام و بێلایەن هەڵبژێرن و تیایدا بژین، چونکە چیدی پاریس ئەو جێگەیە نەبوو کە بۆ ڕۆشنگەران گونجاو بێت.. بۆیە پێشنیاریکرد بچنە لای دیکتاتۆری ڕۆشنگەری "فردریکی دووەم"ی پادشای پروسیا. وەك دەزانرێت ئەم پادشایە هاوڕێی "ڤۆڵتێر" بوو، بە پێچەوانەی "لویسی پانزە"ی پاشای فەرەنساوە پشتگیری لە بیروڕای تازە دەکرد.

"ڤۆڵتێر" پێی وتن: (دەتوانین لەوێ سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی بچوك دروست بکەین و بە ئاشکرا دژایەتیەکی فیکری فێندەمێنتالستەکان بکەین). "دیدرۆ" کە سەرۆکایەتی گروپی (مەوسوعیەکانی) دەکرد لە پاریس، ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە بەو بیانووەی ناتوانێت ژن و منداڵەکانی جێبهێڵێت و لێیان جیابێتەوە و وای بە باشی زانی هەر لە پاریس و لە شوێنی خۆیەوە کار بکات و بەردەوام بێت. "دالمبیر" و ئەوانی دیکەش هەمان هەڵوێستیان وەرگرت...

"ڤۆڵتێر" بە دەنگێکی بەرز بیری دەکردەوەو دەیوت: (پێنج شەش فەیلەسوف و چاپخانەیەکم بەسە، دڵنیاش بن لەوەی دەتوانین لەم دوو سێ ساڵەدا شۆڕشێکی گەورە لە ئەقڵی خەڵکدا بەرپا بکەین). لە ڕاستیدا بۆچونەکەی "ڤۆڵتێر" زیاد لە پێویست گەشبینانە بوو، لەبەر ئەوەی یەکلایکردنەوەی یەکجارەکی لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی مەسیحیدا، تەنانەت پاش مەرگی خۆشی پتر لە سەدەیەکی خایاند. ئەوە ڕاستە ڕۆشنگەری لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا لەسەر ئاستی ناوەندە ڕۆشنبیریەکانی پاریس سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام پرۆسەی یەکلایکردنەوە لەسەر ئاستی میللی – سیاسی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بە ئەنجامگەیشت. ئیتر لەو کاتەدا کاتۆلیکە راستڕەوە فەرەنسیەکان بۆیان دەرکەوت ململانێکردن لەگەڵ ئەو ژینگە کلتوریەدا بێسودە و بیروباوەڕەکانی ڕۆشنگەری و ئەقڵانیەت و مۆدێرنە بوون بە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر و بەریان پێناگیرێت.. بەم جۆرە "ڤۆڵتێر" دوای مەرگی خۆی سەرکەوت و بوو بە منارەیەکی پرشنگدار بۆ سەرجەمی نەوەکانی ئاینده.

### ڕەگوڕیشەی ململانێی نێوان ڕۆشنگەران و فێندە مێنتالیستەکان لەئەوروپا:

کەس پێشبینی نەدەکرد پایە ڕەگ داکوتاوەکانی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی لەق ببێتو پاشان لەدواجاردا هەرەس بهێنێت[4]. ئەمە ڕووداوێك بوو، بەزەمین لەرزە دەچوو بەڵام ئەمە چۆن ڕوویدا؟ لێرەدا دەگەینە قۆناغی چارەنوسساز، لەمێژووی مۆدێرنەی ئەوروپایدایە. پێویستە بزانین تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، فێندەمێنتالیزمی مەسیحی کۆنترۆڵی هۆشیاری نەتەوەیی فەرەنسایی کردبوو. راستە لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمەوە، هەندێ گورزی بەرکەوتبوو، بەڵام بارودۆخەکەی لەدەست دەرنەچووبوو. واتە دەسەڵاتی ئەوەی مابوو کە کەس نەتوانێت، ڕووبەڕوو ڕەخنەی ئاراستە بکات. کەسێکیش گەر ئەوەی بکردایە، دەست بەجێ تاروماریان دەکرد، ئەوەی ئەم کارەی دەکرد (واتە ڕەخنەی لەکڵێسا دەگرت)، بیریار گەلێك بوون، بەڵام بەنهێنیو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.




زۆرێك لەو بیریارانە كتێبەكانیان بڵاودەكردەوە، بەبێ ئەوەی ناوی خۆیانی لەسەر بێت. تەنانەت (سپینۆزا) دوای مردنیشی، كتێبەكانی هەر بەو شێوەیە چاپدەكران. لەبەرئەوەی سانسۆرێكی زۆر هەبوو، تۆمەتی حازر بەدەستی زۆریش هەبوو، وەك (كافرو گومڕاو..هتد)، بۆ ئەوەی ملی ئەوانەی پێ بشكێنن لەڕێگای لادەدەن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، فەلسەفە لەتەشەنەسەندندا بوو، پێداویستییەكی بابەتی تێردەكرد، بۆیە ئاسان نەبوو بەری پێ بگیرێت.

ئەو فەلسەفە نوێیە پەرچەكردارێكی سروشتی بوو، لەبەرامبەر ستەمكاری رەهای سیاسی–ئایینیدا. بەڵام ئەم بەریانە فەلسەفیە لەسەرەتایدا شەرمن بوو، پڕكێشی زۆری نەدەكرد. نووسینە سەرەتاییەكانی (ڤۆڵتێر) لەم رووەوە، چاكترین نموونەیە كە لەكتێبی (پەیامە فەلسەفیەكانیدا) كە بەبێ ناوی خۆی بڵاوی كردەوە، دەڵێت: (نابێت لەهیچ وڵاتێكدا ترسمان لەفەلسەفە هەبێت بۆ سەر ئایین، چونكە هیچ زەرەرو زیانێكی پێناگەیەنێت. راستە نهێنیەكانی ئایینی مەسیحی ئێمە پێچەوانەی بەڵگە ئەقڵیەكانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەیلەسوفە مەسیحیەكان بەچاوی رێزەوە سەیری دەكەن، لەبەرئەوەی دەزانن بابەتەكانی ئەقڵ لەگەڵ بابەتەكانی ئیماندا، دوو سروشتی جیاوازیان هەیە. هەرگیز فەیلەسوفان نابنە دەستەیەكی دەمارگیرو داخراو. لەبەرچی؟ چونكە ئەوان بۆ تێكڕای گەل نانووسن‌و هەروەها سەنگینن‌و هەڵناچن‌و تووڕەنابن)[5].

لێرەدا مەبەست لەنهێنییەكانی ئایینی مەسیحی (بیرۆكەی سێینەیە)، یان بەرجەستەبوونی یەزدانەكانە لەكارەكتەری ئینسانێكی وەك یەسوعی مەسیحدا، یاخود ئەو پەیجورانەیە كە لەئینجیلدا هەیە.. كەس نازانێت بۆچی یەزدان لەبری ئەوەی لەیەككەسدا خۆی بەیانكات، لەسێ كەسدا دەردەكەوێت؟ یان بۆچی لەو بڵندەگی ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەر زەوی؟ یاخود بۆچی پەیجورە ناسروشتی‌و یاساكانی، شتێكی پێویستن بۆ ئەوەی مرۆڤ ئیمان بێنێت؟ ئێمە كە ئەمانە دەڵێین لەگەورەیی مەسیح دڵنیاین‌و فەیلەسوفانیش دانیان بەوەدا ناوە.

وەكی ئاشكرایە (ڤۆڵتێر) بەرەبەرە كەوتە گومانكردن لەو بیروباوەڕە سەرەكیانە، بەڵام بەبێ ئەوەی بوێرێت (لانی كەم لەسەرەتادا) بەئاشكرا رایبگەیەنێت. بەڵام دواتر، واتە كاتێك شەڕ لەنێوان خۆی‌و فێندەمێنتالیستەكاندا تاودەسێنێت ئەوا زمانێكی زۆر زبرتر بەكاردێنێت‌و هەرچی لەدڵیدایەو باوەڕی پێیەتی دەیخاتەڕوو. بەمجۆرە خۆی توش دەكات‌و تۆمەتی كوفرو دژایەتیكردنی ئایینی دەدرێتەپاڵ.. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەهیچ جۆرێك دەستبەرداری مەسەلەی بڕواهێنان بەخوا نەبوو، بەڵكو هەر پێی وابوو یەزدان دروستكەرو ئەندازیاری گەردونەو هەق‌و دادپەروەری تێدا بەرقەرار دەكات. جگە لەمەش هەرچی هەیە زیادەیەو پێویستمان پێی نییە.

راستیەکەی فەیلەسوفانی رۆشنگەری، دەیانویست بەها بگەڕێننەوە بۆ فەلسەفە، بۆ ئەوەی ئەقڵ بڕیار بدات نەك كەلەپووری‌پێشینان. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، فەلسەفەی رۆشنگەری بووە مایەی فۆرمەلەکردنی چەند پێشنیارێکی وەك:

یەکەم:. فەیلەسوفان ئەو کەلەپووره مەسیحیە تەقلیدیە رەتدەکەنەوە کە پشت ئەستووره بەموعجیزە نیشاندان. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەقڵ ناتوانێت قبوڵی شتێك بكات كە یاساكانی زانستو لۆژیك ببەزێنێت. لەهەمان كاتدا ئەو فەیلەسوفانە داوا دەكەن تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئایین گەڵاڵەبکرێت، كە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە دۆگماو ئسولیە باوەبێت.

دووەم. بەم مۆراڵی زوهدو سك هەڵگوشینەی ژیانی دنیا رازی نەبوون، كە گوایە لەوە دنیا سەرفرازیو نەمری بۆ مرۆڤ دێنێت. ئەمەش ئەو سستمە مۆراڵیە كۆنكرێتیە بوو كە لەسەدەكانی ناوەڕاستەوە، مەسیحیەت سەپاندبووی.

لەبەرامبەر ئەمەدا، فەیلەسوفانی رۆشنگەری داوای هێنانە ئارای مۆراڵێکی سروشتیان دەكرد كە زۆر مرۆڤانەتر بێت، واتە مۆراڵێك بەختەوەری بەمرۆڤ رەوابینێتو مافی ئەوەی بداتێ لەخۆشیەكانی ژیانی سەر رووی زەمین بەهرەمەندبێت.

سێیەم:. فەیلەسوفانی رۆشنگەری پێیان وابوو ئەم تێگەیشتنە ساكارو نوێیە بۆ هەریەك لەئایینو مۆراڵ، سەرەتاكانی لەهەموو ئایینەكاندا هەیە، بەڵام بەژێرەوە بووەو داپۆشراوە. راستە سروتو رێوڕەسمو بیروبڕواكان، لەئایینێكەوە بۆ ئایینێكی تر جیاوازە، بەڵام ناوەرۆكی ئایین هەریەك شتە، كە بریتییە لە: خۆشویستنی كەسانی دیو كاری چاكەو خزمەتكردن بەكۆمەڵگەو رەفتارو هەڵسوكەوتی باشە.. لەهەموو ئایینەكاندا خەڵكی چاكو خەڵكی خراپ هەیە. تێكڕای ئایینەكانیش داوای كاری چاكەو دووركەوتنەوە لەشەڕو خراپەكاری دەكەن، سەرباری جیاوازی سروتو بیروبۆچوونەكانیان.

لێرەوە پێویستە لێكبوردن جێگەی توندڕەویو دەمارگیری بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاشتی مەدەنی لەكۆمەڵگەدا بەرقەرار بێت. چونكە دەمارگیری سەرچاوەی بەڵاو خراپەكاریو شەڕی ناوخۆییو ماڵوێرانییە.

فێندەمێنتالیستەكان هەر لەسەرەتاوە هەستیان بەو مەترسیانەیان كرد كە لەناو ئەم پێشنیارو بۆچوونە نوێیانەدا بوو، هەر بۆیە شەڕیان لەدژی راگەیاند، بۆ ئەوەی زوو بەزوو زیندەبەچاڵی بكەن، بەڵام سەرەڕای هێزو دەسەڵاتیان بەسەر تەواوی میللەتدا، نەیانتوانی ئەوە بكەن. ئەوان بۆنی ئەوەیان لەقسەكانی (ڤۆلتێر) كرد، كە باهۆزێكی ئازادی فیكری لەئینگلتەراوە هەڵیكردووەو بەرەو لای ئەوان دێت. فێندەمێنتالیستەكانی فەرەنسا پێیان وابوو، ئینگلیزەكان نەتەوەیەكی گومڕاو سەرەڕۆن، لەبەرئەوەی لەپاپای رۆما جیابوونەوەو چوونە سەر مەزهەبی پرۆتستانتی (ئەنگلیكانی)، كە زۆر لەرۆحی سەردەمی مۆدێرنەوە نزیكترە.

شایەنی باسە لەسەرەتادا تێزو تیورەی فەیلەسوفانی رۆشنگەری، وەكی پێویست، روونو ئاشكرا نەبوو. بەڵام كڵێسای كاتۆلیكی دەیزانی ئەوانە چ مەبەستێكیان هەیەو سەرەنجامیش بەچی دەگات.. لەبەرئەمە دەسەڵاتی پاشایەتیان لێ هاندان، بۆ ئەوەی سەركوتیان بكەن. لێرەوە بڕیار درا بەچاودێریكردنی كتێبو بڵاوكراوەكانو قەدەغەكردنی هەر شتێك كە ببێتە مایەی گومان

خستنەسەر بیروباوەڕی تەقلیدی. بێگومان بۆ ئەم مەبەستەش کڵێسا پەنای بردە بەر فتوای تیۆلۆژیو تەکفیرکردن، بەمەبەستی تۆقاندنی ڕۆشنبیرانو شاربەدەرکردنیان لەوڵاتدا، یان ئەگەر پێویستی کرد ڕێگەدان بەپاکتاوکردنو تیرۆرکردنیان.

بەمجۆرە جەنگی بڵاوکراوە نهێنیەکان دەستی پێکرد. ئەو کتێبە فەلسەفیانەی لەفەرەنسادا قەدەغەبوون، لەهۆڵەنداو ئنگلتەرادا چاپدەکرانو بەنهێنی دەهێنرانە ناو فەرەنساو لەوێش بەپارەیەکی چەند قات دەفرۆشرانەوە.

لەم سەروبەندەدا پەرلەمانی پاریس کە جانسنیزمە دۆگماکان زۆرینەبوون لەناویاندا، ساڵی 1734 بڕیاری سوتاندنی کتێبی (پەیامە فەلسەفیەکان)ی (ڤۆڵتێر)یدا. بەڵام بۆچی؟ لەبەرئەوەی (کتێبێکی ئابڕووبەرانەیەو دژی ئاینو ئەخلاقی بەرزەو خەڵك فێردەکات گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایان نەبن)، ئەمە لەبڕیاری تاوانبارکردنی کتێبەکەدا هاتبوو. بڕیاری سوتاندنی کتێبەکە نەبووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی خەڵکی بیکڕنو سەری تێ بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوەبوو.

(مارگیز دارگنسۆن)، یەکێك لەپیاوانی سەردەمی کۆن، باس لەو هەراو ململانێیە دەکات کە لەفەرەنسای سەردەمی ڕۆشنگەریدا لەئارادا بووەو دەڵێت: (میللەتی فەرەنسا هەر بەتەنها لەسستمی فەرمانڕەوایی داخ لەدڵ نییە، بەڵکو وەکو سەرنج دەدەین فەلسەفەو تێکڕای خەڵکانی ڕۆشنبیر بەگژ ئایینە پیرۆزەکەماندا دەچنەوە. ئایینەکەمان لەهەموو لاوە پەلامار دەدرێت. ئەوەی مایەی توڕەیی خەڵکیە ئەوەیە کە جانسنیستەکان بەزۆر خەڵك ناچار دەکەن بڕوابێننو کتێبی زۆر کۆنو بەسەرچوو دەنووسن کەکەس نایان خوێنێتەوە. ئەمانە دیانەوێت دادگای پشکنین بۆ نووسینو وتارو ڕۆح و ئەقڵەکان دابنێنو زیادەڕۆیی لەئیمانداریدا دەکەنو ستەمکاریو زوڵمو زۆر بەکاردێنن. هەموو ئەمانەش لەبری چاکە، خراپەکاری بەرهەم دێنێت. ئەم باهۆزەی دژ بەسستمی پاشایەتیو ئایین هەڵیکردووە، سەرچاوەکەی ئینگلتەرایە)[6].

ئەم تێکستە کەسێکی پایەبڵند لەسستمی کۆندا نوسیویەتیو سەربەیەکێك لەبنەماڵە ئۆرستۆکراتیە گەورەکان بووە کە لەسایەی (لوسیی چواردەو لویسی پانزە)دا، چەندین پلەوپایەی پێدراوە.. کەواتە ناکرێت خاوەنەکەی بەوە تاوانباربکرێت کە دەستی لەگەڵ فەیلەسوفاندا تێکەڵ کردووەو لایەنگری ئەوان بووە.. ئەوەی لەم تێکستەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە پەلاماری هەردوو بەرەکە دەدات: فێندەمێنتالیستەکان، لەبەرئەوەی زیادەڕۆیی لەئیمانداریدا دەکەن، ڕۆشنگەرەکانیش لەبەرئەوەی زیاد لەپێویست لاسایی بیانیەکان، واتە ئینگلیزەکان دەکەنەوە. بەهەرحاڵ (دارگنسۆن) لەم تێکستەیدا، وێنەیەکی واقیعیمان لەسەر ئەو هەلومەرجە ئایدیۆلۆژیەی لەو سەردەمەدا باڵادەست بووە، بەردەست دەخات.

زۆربەی زۆری لێکۆڵیاران کۆکن لەسەر ئەوەی بڵێن: (ساڵی 1750 لەمێژووی ئەوروپادا، ساتەوەختێکی یەکلایکەرەوەیە). چونکە لەو مێژووە بەدواوە ئیتر گاڤ گاڤ، ڕۆشنگەری تەشنە دەکات، بەتایبەت لەناو توێژە ڕۆشنبیرەکەی پاریسدا. ئەڵبەتە دواتر دەگاتە پارێزگاو گوندو ناوچە دوورەکانیش. کەواتە ڕۆشنگەری چەند قۆناغێکی هەیە نەك یەك قۆناغ بێت.

لەساڵی 1750 هەوڵو کۆششی فەیلەسوفان زیادی کرد، بەمەبەستی زەبر وەشاندن لەدۆگماو زەبرو زۆری ئایینی.

تا ئەو مێژووە نووسەران نەیاندەتوانی بەئاشکراو بەدەنگی بەرز، ڕەخنە لەبیروباوەڕی ئایینی و مۆراڵی تەقلیدی بگرن. ڕەخنەیەکی وا تەنها لەو کتێبانەدا هەبوو، کە بەنهێنی چاپدەکران و دەستاودەستیان دەکرد. بەڵام لەقۆناغی دواتردا شەپۆلێکی ڕەخنەیی زۆر بەهێز دەستی پێکرد و هەموو شتێکی گرتەوە.

ساڵی 1745 لیژنەی گەورە کەشیشەکان کۆبوونەوە، بەمەبەستی ئەوەی پادشا (لویسی پازدەهەم) لەمەترسی مەسەلەکە ئاگادار بکەنەوە. ساڵی 1748 سەرۆکی کەشیشەکان، مەترانی شاری تور، شکاتی ئەوەی کرد کە لەناو توێژی خوێندەوارانیدا، مەسەلەی گومانکردن لەئایین و بیروباوەڕە ئایینیەکان زیادی کردووە.. ساڵی 1750 بۆ یەکەمجار ڕێوشوێنی عەمەلی گیرایەبەر، بۆ بەرگرتن بەو شاڵاوە ڕەخنەییە. لەم سەروبەندەشدا کتێب گەلێك تاوانبارکران، لەوانە:

1.ڕۆحی یاساکانی (مۆنتسکیۆ). وەکی دەزانین دواتر ئەم کتێبە دەبێتە مەرجەعێك بۆ دەستورو یاسادانانی نوێ.

2.یاسای سروشتی (بۆفۆن)ی زاناو ئەمەش کتێبێکی قەوارە گەورەیەو هەموو جۆرە زانیاریەکی دەربارەی رووەك ناسی و ئاژەڵناسی تێدایە.

3.نامەیەك دەربارەی نابینایان کە لەنووسینی (دیدرۆ)ی فەیلەسوفەو بەهۆیەوە لەزیندانی ڤنسینی نزیك پاریس، زیندانی دەکرێت.

4.مێژووی سروشتیی دەروون، ساڵی 1745 لەلایەن بیریارێکەوە بەناوی (لامێتری) بڵاوکرایەوە.

بەمجۆرە فێندەمێنتالیستە مەسیحیەکان هەموو ئەو کتێبە نوێیانەیان قەدەغەکرد کە پێیان وابوو لەناو توێژی لاواندا ژەهر بڵاودەکاتەوەو لەئایین دوریان دەخاتەوە.. سەبارەت بەو ئەنسیکلۆپیدیایەشی (دیدرۆ)و (دالمبێر) دەریانکرد، بەبڕیارێکی سەرەوە بۆ ماوەیەك رایانگرت و سانسۆریان لەسەردانا.

پێویستە ئەوە بزانین تەنها لەماوەی پانزە ساڵدا، کتێب گەلێك دەرچوو کە سەرکەوتنی ڕۆشنگەری لەفەرەنسادا مسۆگەر دەکات.. لەوانە: ڕۆحی یاساکانی (مۆنتسکیۆ)، ساڵی 1748 چاپکرا. پەیمانی کۆمەڵایەتی (جان جاك ڕۆسۆ) ساڵی 1762 بڵاوکرایەوەو وەك ئاشکراشە دواتر ئەم کتێبە دەبێتە ئینجیلی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا. گوتاری بەرایی یاخود تیۆری ئەنسیکلۆپیدیا، ساڵی 1750 بڵاوبووەوە. فەرهەنگی فەلسەفی (ڤۆڵتێر)، ساڵی 1754 دەرچوو. خشتەی ئابووری کە (کینی) زانا نووسیویەتی، لەساڵی 1758دا چاپکراوە. ئەم کتێبانەو چەند کتێبێکی تر، دەبنە ژێرخانی پرۆژەی فەلسەفەی ڕۆشنگەری. لێرەدا دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە ئەم گروپەی ڕۆشنگەران، تەواو تەباو یەکگرتوو نەبوون. بۆ نموونە لێرەدا دەکرێت باس لەکێشەو مشتومڕەکانی (ڕۆسۆ)و (ڤۆڵتێر) لەلایەك و (ڕۆسۆ)و (دیدرۆ)ش، لەلایەکی دیکەوە بکەین. بەڵام ئەمە ململانێی نێوان ڕۆشنبیرانەو لەهەموو ژینگەو سەردەمێکدا هەیە.

سەرەڕای ئەمەش لەکۆتایدا، فەیلەسوفان نوێنەرایەتی ئەو ڕۆحە فیکریە تازەو دەرکەوتووەیان دەکرد کە لەفەرەنسادا هاتبووە ئاراو توانیان ئایین بەشێوەیەکی نوێ تەئویل بکەن. ئەم تەئویلکردنەش زۆر جیاوازە لەو تەئویلە دیسپۆتیزمیەی، سەدان ساڵ لەئارادا بوو. ڕۆشنگەری بەهۆی سەرکەوتنیەوە، توانی گەورەترین شارستانیەت لەسەر گۆی زەوی دروست بکات. ئەگەرچی

دواتـر رۆشـنگەری لەپرانـسیپە سـەرەکیەکانی خـۆی لایـدا (یـان راسـتیەکەی لەلایـەن چـینی بۆرژوازیـەت و سـەرمایەدارییەوە، بەلا رێدا برا)، بـەڵام ئەمـە هـەرگیز ناکاتـە ئـەوەی ئێمـە تـەرێزی لێ بکەین یاخود دەستبەرداری دەسکەوتە ئیجابیەکانی بین. چونکە کارێکی وا تەنها خزمەت بەهێزە کۆنسێرڤاتیڤ و رەجعیەکانی وەك: (راستی توندڕەوو فێندەمێنتالیزمی ئایینی) دەکات.

**ڤۆڵتێر و ئیمان:**

ئایا (ڤۆڵتێر) ئیمانداربوو؟ دەتوانین بەبەڵێ و نەخێر، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. بەڵێ ئەگـەر مەبەست لەچەمکی ئیمان بڕوابوون بێت بەخوای دروستکەری گـەردوون، یان ئەندازیاری گـەورەی گـەردون، بەتـەعبیری (ڤـۆڵتێر) خـۆی.. نـەخێر، ئەگـەر مەبەسـت لێـی بڕواهێنـان بێـت بـەئایینێکی تایبـەت و دیـاریکراو بەهـەموو سـروت و رێوڕەسمەکانیـەوە، پاشـان دەرگیربـوونی بەشـێوەیەکی زۆر دەمارگیرانەو فەرامۆشکردنی هەموو شتێك لـەدەرەوەی ئـەودا، بـەبێ هیچ پشکنین و بیرکردنەوەیـەك. بەبۆچوونی (ڤۆڵتێر)، سروت و رێوڕەسمی ئایینی، تەنها بۆ عامەی خەڵك گرنگە، بەڵام فەیلەسوفان و رۆشنگەران بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانن دەستبەرداری بن. چونکە ئەوان بۆ ئـەوەی ئیمـان بهێنن و ئیماندار بن و لەکۆمەڵگەدا رێگایەکی راست بگرنەبەر، پێویستیان بەو شتانە نییە. لێرەداو جارێکی دی ئەوە بەبیردێنینـەوە کـە لـەرۆژگاری (ڤۆڵتێر)دا، ئـەوەی باڵادەست بـوو ئیمانداریيـەکی مەسـیحی بوو لەفۆرمـە ئـسوڵیە دۆگمـاو توندڕەوەکەیدا. لـەو سـەردەم و زەمانـەدا فێنـدەمێنتالیزمی مەسـیحی، بەسـەر دووبـەرەدا دابـەش بـوو بـوو: یەسـوعیەکان و جانسنیـستەکان. جانسنیـستەکان زۆر دۆگماتـسیت و تونـدڕەوبوون، بەڕادەیـەك، تـەواوی ئـەو میللەتانـەیان بـەکافر دەزانـی کـە پـەیامی مەسیحیان پێنەگەیشتبوو یاخود لەئینجیل بێ ئاگابوون. بەبۆچوونی ئەم گروپە تەنانەت میللـەتانی یۆنـانی-رۆمـانی کـۆنیش، کـە بەماوەیـەکی زۆر بـەر لەمەسـیح ژیـاون و مـردون، کـافرن! هەرچـی میللـەتانی دەرەوەی کیشوەری ئەوروپاشـە، وەك هندییـەکان و چـینیەکان، ئـەوانیش گوناهبـارن و چارەنوسیان دۆزەخە.. هاوکات پرۆتستانت مەزهەبەکانیش گوناهبـارو بەنەفرەت کراون، ئەگەرچی ئەوانـە مەسـیحین و بڕوایـان بـەئینجیل و یەسـوعی مەسـیحیش هەیـە. بـەڵام لەبەرئـەوەی بڕوایـان ترادسیۆنی کڵێسای کـاتۆلیکی نییە، کەواتـە گومڕان و شـایەنی ئـەوەن گۆشـاوگۆش سـەرببڕدرێن، تەنانەت هەندێك پاکتاوکردنیان بەئەرکێکی ئایینی دەزانێت کە خوا لەسەری فەرزکردوون!

(ڤۆڵتێر) و تەواوی فەیلەسوفانی رۆشنگەری ئەوروپایی، بەگژ ئەم تیۆلۆژیا تۆقێنەرەدا چوونەوەو لەو پێناوەشدا ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە.. ئەم تیۆلۆژیا تاریکەی سەدەکانی ناوەڕاست بـوو، بوو بەهۆی ئەو شەڕە ناوخۆیی و مەزهەبیەی، بەدرێـژایی سـەدەی شانزەو حەڤدە هـەموو ئـەوروپای گرتەوە.

تەنانـەت لـەم شـەڕانەدا یەسـوعیەکانیش تێوەگلان و بەگـژ جانسنیستەکاندا چـوونەوە. ئەمانـە ئەگەرچی وەکـی لایـەنگرانی جانسنیەکان سـەر بـەئاینزای کـاتۆلیکی بـوون، بـەڵام لـەوان میـانڕەوتر بوون و گەشبینتربوون بەرامبەر بەمرۆڤ و چارەنوسی لەوە دنیادا.

کـاری (ڤـۆڵتێر) بـەر پەرچدانەوەی ئـەم دیـدگا تۆقێنـەرە بـوو کـە فێندەمێنتالـستە مەسـیحیەکان، دەربارەی خوا نیشانیان دەدا. هەروەها بەگژ چەمکی گوناهی ئەزەلیدا چووەوە، کە مرۆڤ گوناهبار

دەکـات تەنانــەت بەرلــەوەی بێتەژیانــەوە.. ئــەم هەنگاوانەشــی تــەواو لەگــەڵ فیکــری ســەردەمی ڕۆشنگەریدا دەهاتنەوە.. سەبارەت بەیەزدان (ڤۆڵتێر) دەڵێت: (ئەوانە وەك زاڵم و ستەمکارێك وێنات دەکەن و منیش باوکێکی بەڕەحم و بەسۆزت تێدا دەبینم.. من مەسیحی نیم، کە مەسیحیش نیم بۆ ئەوەیە بەچاکی خۆشم بوێیت..)(17).

ئەگەر مەسیحیەت دەمارگیریی و فێندەمێنتالیزم بێت، یان تیرۆرو تۆقاندن بێت و وا بکات مرۆڤ بەردەوام هەست بەگوناهباری خۆی بکات، ئەوا (ڤۆڵتێر) مەسیحی نییە.. خۆ ڕاستە ئەو لەماڵێکی مەسیحی کاتۆلیك مەزهەبدا لەدایك بوو، وەك زۆربەی زۆری هاولاتیانی فەرەنسایی، هەروەها ئەوەش ڕاستە کە (ئارمان)ی براگەورەی فێندەمێنتالستێکی توندڕەو بوو، بەلام ئەمانە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕن، چونکە (ڤۆڵتێر) بڕیاری دابوو ڕێگایەکی دیکە بگرێتەبەر. ئەمەش ڕەنگدانەوەی قورسی هەبوو، کە شوێن دەستی تا ئێستاش بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە. دەتوانین بڵێین تەواوی شارستانیەتی مۆدێرن بەجۆرێك لەجۆرەکان، بەرهەمی ئەم بڕیارەی ئەوە.

خاڵی جیاوازی نێوان ئیمانداری (ڤۆڵتێر)و ئیمانداری فێندەمێنتالیستە مەسیحیەکانی سەردەمی خۆی، پەیوەندی بەگرنگترین مەسەلەی ئاینیەوە هەبوو، ئەویش مەسەلەی بۆچوونیان بوو دەرهەق بەیەزدان خۆی.

واتە جیاوازیەکەیان ئەوەبوو، ئایا خوا دڵڕەق و ترسناکە؟ یان بەڕەحم و بەخشندەیە؟

وەکی باسدەکرێت (ڤۆڵتێر) زۆر لەباوکی ترساوەو ڕقی لێی بووە. لەزیهن و بیرکردنەوەشیدا وێنەی باوکی کە لەسەر زەویە، تێکەڵ بەوێنەی ئەو باوکە دەبێت کە لەئاسمانە. ئەمەش بۆ خۆی شتێکی زۆر ئاساییە لای ئەو منداڵانەی لەسایەی باوکێکی دڵڕەق و مرومۆچدا دەژین.. هەرچۆنێك بێت ئەوا دەستبەرداربوونی ئەو بۆ ئەو دیدگایەی خوا وەك زاتێکی تووڕەو دڵڕەق سەیر دەکات و لەبەرامبەردا تەبەنیکردنی ئەو بۆچوونەی یەزدان وەك دەسەلاتێکی بەخشندەو میهرەبان نیشان دەدات، خۆی لەخۆیدا گواستنەوەیەکە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمە نوێیەکان. واتە هەنگاونانە لەئیمانێکی تەقلیدیەوە کە لەسەر ترس و تۆقاندن و تەکفیرکردن بەندە، بەرەو ئیمانێکی نوێ کە پایەکانی بریتین لە: متمانەو دڵنیایی و ئازادی و کرانەوە.

ئەم پرۆسەیە دوو سەدەی پڕ لەماندویەتی و ئازاری لەئەوروپا برد.. کڵێسای مەسیحی تەنها دوای بەستنی کۆڕی (ڤاتیکانی دووەم) لەساڵی 1962، ئیعترافی بەپرانسیپەکانی ڕۆشنگەری کرد. لەکاتێکدا (ڤۆڵتێر)و گەورە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، لەدەوروبەری ساڵی 1762دا بەنووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە سەرەکیەکانیانەوە خەریك بوون.

وەکی پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، بڕیارەکانی ئەو کۆڕەی کڵێساکان، شۆڕشێکی تیۆلۆژی گەورەبوو لەمێژووی مەسیحیەتدا. چونکە بۆ یەکەمجار ئیعتراف بەئازادی ئاینی کراو تەنانەت ئیعتراف بەئاینەکانی دیکەش کرا، جگە لەئاینی مەسیحی. چونکە بۆ گەیشتن بەیەزدان چەندین ڕێگا هەیە، نەك تاکە ڕێگایەك. بەمجۆرە ئەو دەستەواژە تیۆلۆژییە بەناوبانگە ڕەواجی نەما، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە مەسیحیەت بەرزی دەکردەوەو دەڵێت: (مرۆڤ لەدەرەوەی ئاینزای کاتۆلیکی سەرفراز نابێت!).

(ڤۆڵتێر) گەر لەدنیادا بمایەو بەچاوی خۆی ئەم شۆڕشە تیۆلۆژیە گرنگەی بدیبایە، دەچووەوە بەگژ مەسیحیەتدا؟ یاخود ئەو شتانەی دەوت کەوتونی؟ بێگومان نەخێر.. تەنانەت رەنگە بگەڕایەتەوە بۆ مەسیحیەت، پاش ئەوەی لەئاییني سەرکوتکردن و دەمارگیری و ستەمکاریەوە بوو بەئاییني ئازادی..

(ڤۆڵتێر) لەوانەبوو کە بڕوای بەدروستکەری گەردون هەبوو، بەلام بەبێ ئەوەی باوەڕی بەمەسەلەی وەحی هەبێت.. وەك چۆن هیچ دروستکراوێك بێ دروستکەرێك نابێت، ئاواش نابێت گەردوون بێ خالقێك هەبێت. گەردون بەشێوەیەکی زۆر ورد رێکخراوەو یاسای تایبەتی خۆی هەیەو تۆزقاڵێك چییە لەو یاسایانە لانادات. ئەمەش ئەو یاسایانەیە کە (نیوتن) دۆزییەوەو لەبنەڕەتدا بریتییە لەو یاسای راکێشانەی ئاراستەی تەواوی گەردون دەکات. لەبەر ئەم هۆیە بوو (ڤۆڵتێر) تەنها (نیوتن)ی بەلاوە گرنگ بوو. لەم سەروبەندەدا هەوڵێکی زۆری بەخەرجدا تا تیۆریەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگێڕێت بۆ سەر زمانی فەرەنسی و لەم پێناوەشدا کتێبی (هەندێ لایەنی فەلسەفەی نویتن)[18]ی نوسی، کە تێیدا ویستبووی تیۆریەکەی (نیوتن) ئاسان بکات و بەشێوەیەکی سادە بیگەیەنێت بەخوێنەران.

لەسەردەمی رۆشنگەریدا مۆدێلی بڕواهێنان بەزاتی ئیلاهی، بەبێ بڕوابوون بەوەحی، زۆر زوو تەشەنەی کرد و بلاوبووەوە. زۆربەی زۆری فەیلەسوفان و زانایان ئیمانداری لەم جۆرەبوون، بەلام کە مێکیشیان تەواو ماتریالیست یان بێ باوەڕبوون، نمونەکانیان وەك: (دیدرۆ لەدووەم قۆناغی ژیانیدا، لەگەڵ هۆڵباخ)دا.. ئەمەش ئەو بۆچوونە بەتاڵدەکاتەوە کە لەجیهانی ئیسلامیدا سەبارەت بەڕۆشنگەری هەیەو پێیوایە، تەواوی رۆشنگەران کافرو بێ باوەڕن، سەبارەت بەبڕوابوون بەخالقی گەردوون، (ڤۆڵتێر) رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، تەنانەت ئەم شێوە ئیمانداریيە بەناوی ئەوەوە لکا، دەربارەی ئەو مرۆڤەی ئیمانی بەخودا هەیە دەڵێت: (ئەوەی لەڕێی ئەقڵەوە ئیمان دێنێت، کەسێکە تەواو دڵنیایە لەوەی کائینێك هەیە خاوەنی دەسەلاتەو بوونەوەرەکانی دیکە هەموویان دروستکراوی دەستی ئەون).

(ئەو مرۆڤەی تەنها باوەڕی بەیەزدان هەیە[9]، لەگەڵ تێکڕای گەردووندا لەسەر ئەم پرانسیپە کۆك و تەبایە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ناتوانێت خۆی لەسەر یەکێك لەو ئایینانە ساغ بکاتەوە کە هەیە. بەلام بۆچی ناتوانێت؟ لەبەرئەوەی هەر هەموویان لەڕووی عەقیدەو سروت و رێورەسمەوە، ناکۆك و دژبەیەکن.. شایەنی باسە ئاییني یەکتاپەرستی، لەهەموو ئایینەکانی تر کۆنترو بەربلاوترە.

لەبەرئەوەی ئەو دەستەواژە سادەو ساکارەی دەڵێت: بۆ خوای تاك و تەنها، پێش هەموو ئەو سستەمە ئایدیۆلۆژیانەی دیکە دێت کە جیهان بەخۆیەوە بینی. ئەوەی تەنها بڕوای بەیەزدان هەیە، بەزمانی تێکڕای میللەتانی سەرزەوی قسەدەکات، لەکاتێکدا ئەم سستەمە ئایدیۆلۆژیانە زمانی تێگەیشتنیان لەگەڵ یەکتردا نییەو تەنانەت لەگەڵ یەکتریشدا دەچنە ململانێی ئایدیۆلۆژی بێئامانەوە.. ئەوانەی بڕوایان بەبوونی خوا هەیە، هەموویان برای یەکن و تەواوی ئەقڵمەندو داناکانیش بەبرای خۆیان دەزانن ئەوەی بڕوای بەبوونی یەزدان هەیە، هەموو سروت و رێورەسمەکانی لەیەك وشەدا کورتدەکرێتەوە: کاری چاکە. هەموو بیروباوەڕەکەشی بریتییە لە: خواپەرستی و ئامادەشە دەسگیرۆیی هەژاران بکات و بەرگری لەچەوساوەو بێچارە بکات)[10].

چـۆن لـەم تێکـستەی (ڤـۆڵتێر) بگـەین؟ بەکورتیەکـەی ئـەو لـەم تێکـستەدا بـاس لـەئایینی یەکتاپەرستی، ئـایینی هـەق‌و دادپـەروەری دەکـات کـە تـەواوی مرۆڤایـەتی دەگرێتـەوە، سـەرباری جیاوازی ئایینی‌و مەزهەبیان، لەبەرئەوەی تێکڕای مرۆڤەکان یەزدان دروستی کردوون‌و برای یەکن.

ئـەم تێگەیشتنە فـراوان‌و کراوەیـە بـۆ ئـایین، دەبـوو بـەر ئـەو تێگەیشتنە بەرتەسك‌و توندڕەوەی فێندەمێنتالستەکان بکەوێت، هەر بۆیە دەست بەجێ کەوتنە وەڵامدانەوەیی‌و یەکێکیان پێی دەڵێت: (یەسوعی مەسیح فەرمانمان پێ دەکات فەزڵی بیروباوەڕەکەی بدەین بەسەر بیروباوەڕەکانی تردا. ئەمەش مافی خۆیەتی، لەبەرئەوەی تەنها هەر خۆی راستەو لەسەر هەقە. ئەمەشی سەلماند. چونکە لەئاسمان هاتەخوارێ بۆ ئەوەی رێگای راست نیشانی مرۆڤایەتی بدات)[11].

بێگومان فێندەمێنتالیستەکانی دیکەش، هەمان شت دەربارەی ئایینەکانی خۆیان دەڵێن. چونکە هەریەکێك لەوانە پێی وایە تەنها ئایین‌و ئاینزاکەی خۆی راستە. ئەم هەڵوێستەش بێ چەندوچوون دەبێتە مایـەی پێکدادان‌و دروستبوونی شـەڕو ئاشوب‌و قەتڵ‌وعامی گەورە. ئەوروپا بەدەست ئەم مەسـەلەیەوە زۆری چەشـت‌و تـەنها ئـەو کاتـە تـوانی لـەم گۆبەنـدە رزگـاری بێـت، کـە فەیلەسـوفانی رۆشـنگەری تێگەیـشتنێکی نوێیـان هێنایـە ئـاراو، ئـەو تێگەیشتنەش توانی هـەموو دەمارگیریـەکی ئایینی‌و مەزهـەبی تێپـەڕێنێت. ئەمـەشمان بـەڕوونی لـەڕێگای تێکستەکەی (ڤۆڵتێر)ەوە بۆ ئاشکرا دەبێت. بەمجۆرە پاش ئەوەی باجێکی گەورەو گرانی ویست، قەیرانی هۆشیاری ئەوروپی چارەسـەر کرا.[12]

### (ڤۆڵتێر)و نامە فەلسەفیەکان، یەکەمین مانیفێستی سەردەمی رۆشنگەری:

دوای ئەوەی ماوەی دوو ساڵ‌و چەند مانگێك لەئینگلتەرادا مایەوە، (ڤۆڵتێر) گەڕایەوە فەرەنسا‌و سـەر شـار بـوو بەجۆش‌وخرۆشـێکی زۆر بـۆ کۆمەڵگـەی ئینگلیـزی‌و ئـەو ئاسـتە شارسـتانیەی پێیگەیـشتبوون. هەرچـەندە ئینگلتـەرا رکابـەری مێـژوویی‌و–تەنانـەت دوژمنـی سەرسـەختی– فەرەنساش بوو، بەڵام (ڤۆڵتێر) نەیدەتوانی سەرسامی خۆی بەو وڵاتە بشارێتەوە.

ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کـە خـۆی لـەدەمارگیری نەتەوایـەتی رزگارکردووەو ئـەوەی خولیـای ئـەو بووە، زانست‌و پێشکەوتنی زانستی بووە. بۆ ئەو زانست لەهەر جێیـەك بێـت وەریـدەگرێت، تەنانـەت ئەگەر لای دوژمنە مێژوویەکانی وڵاتەکەشی بێت.

شـایەنی باسـە ئینگلتـەرا سـی سـاڵێك لـەپێش فەرەنسا‌و وڵاتـانی دیکـەی ئـەوروپاوەبوو. دوای شۆڕشی 1688، ئینگلتەرا سستمێکی نوێی بۆ حوکمڕانیکردن هێنایـە ئارا کـە سستمی پاشایەتی دەستوری بوو.

ئـەم سـستمەش تۆلێرانـسی ئـایینی بـۆ هاوڵاتیـانی دەسـتەبەر دەکـات، واتـە فرەیـی ئـایینی‌و مەزهەبی فەراهەم دەکات‌و بەزەبری هێز هیچ بیروباوەڕێکیان بەسەردا ناسـەپێنێت. هاوکات حوکمی یاسا دابین دەکات، کە نەهێڵێت فەرمانڕەوا هاوڵاتیان بچەوسێنێتەوەو بەئارەزووی خۆی حوکمیان بکـات. بەبۆچـوونی رای گـشتی فەرەنـسی، تێکـڕای ئـەم گۆڕانکـاری‌و بەرەوپێشـچونانە، کـوفرو بیدعەکاری بوو، چونکە ئەوان بەسستمێکی پاشایەتی تیۆلۆژی رەهاو ستەمکار راهاتبوون‌و پێیان

وابوو ئینگلیزەکان نەتەوەیەکی گومڕان و لەڕاستەڕێگای لایانداوە، بۆیە دەبێت زۆر وریابین لێیان و بەهیچ شێوەیەك لاساییان نەکەینەوەو شتیان لێ وەرنەگرین.

**دوورگەی ئەقڵ:**

بەلاّم ئینگلتەرا سەرباری پشت هەڵکردنی لەکڵێسا و ئیمانی ئەرسۆ دەکسی، بەلاّم هەنگاوی شارستانیانەی دەناو بازرگانیش دەستی بەگەشەکردن کردبوو. هاوکات زانست و فەلسەفە لەڕیزی پێشەوەی بزاوتی رۆشنبیری ئینگلیزدا بوون. هاولاّتی ئینگلیزیش وەکی مرۆڤێکی مۆدێرن کە گەردو تۆزی سەردەمە کۆنەکانی لەخۆی دەتەکاند، ئیعلانی خۆی دەکردو دەهاتە مەیدان. تا وای لێهات لەڕەفتارو بیرکردنەوەیدا بووە کەسێکی ئازادو سڵی لەهیچ شتێکی ئەم دنیاو ئەو دنیا نەدەکردەوە. بەکورتیەکەی توانی تاڕادەیەکی زۆر خۆی لەدەست بڕیاری پێشوەخت و فتوا تیۆلۆژیەکان قوتار بکات، ئەمەش بەپێچەوانەی هاولاّتی فەرەنسایی کاتۆلیك مەزهەبەوە بوو کە دیلی ئەو شتانە بوو.

ئەوکاتەی فەرەنسا بەشەڕی بێئامانی تیۆلۆژییەوە سەرقاڵ بوو، ئینگلتەرا بەرسك و سەرکێشی زانست و ئەقڵەوە خەریك بوو، لەم پێناوەشدا کارەکتەری مەزنی لەکێشی (نیوتن) و (جۆن لۆك)دا، پێشکەش بەمرۆڤایەتی دەکرد. بەمجۆرە (ڤۆڵتێر) ئینگلتەرای بینی، کاتێك بۆ یەکەمین جار سەردانی ئەو ولاّتەی کرد.. وەك تۆریستێکی گەڕۆك، دەستی کرد بەتۆمارکردنی تێبینیەکانی دەربارەی (دوورگەی ئەقڵ)، (ڤۆڵتێر) حەزی دەکرد ئەم ناوە لەئینگلتەرا بنێت و بەم ناوە باسی بکات. کۆی ئەو سەرنج و تێبینیانە، کتێبێکی گەورەی لێ بەرهەم هات بەناوی (نامە فەلسەفیەکان– 1734) کە یەکەمین کتێبی بوو. سەرەتا ناونیشانی کتێبەکە (نامە ئینگلیزیەکان) بوو، بەلاّم کاتێك گەڕایەوە فەرەنسا و هەموو بەشەکانی تەواو کردو ویستی بلاّوی بکاتەوە زاتی نەکرد. چونکە کتێبەکە شتێکی ئاسایی نەبوو. لەوانەبوو کێشەی زۆری لەگەڵ (لویسی پازدەهەم) و پیاوانی ئاییندا بۆ دروست بکات.. لێرەوە داوای لەو دەزگایە کرد کە کتێبەکەیان بۆ چاپدەکرد، تا خۆی نەڵێت دەست بەبلاّوکردنەوەی نەکەن. بەلاّم ئەو دەزگایە زۆر چاوەڕوانی کردو ئارامی نەما، بۆیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی (ڤۆڵتێر)، کەوتە بلاّوکردنەوەی. هەر بەبلاّوکردنەوەشی، هەرایەکی گەورەی نایەوە.

فێندەمێنتالستەکان کە زۆرینەی پەرلەمانی پاریس بوون، کۆبوونەوەو بڕیاریاندا بەوەی دەستبەجێ ئەو کتێبە کۆبکرێتەوەو بسوتێنرێت. هەروەها بڕیاری دەسگیرکردنی (ڤۆڵتێر)یش درا، لەهەر کوێیەك بێت. (ڤۆڵتێر) کە ئەمەی زانی هەڵهات و لەشوێنێکی دەرەوەی فەرەنسادا کەوتە خۆشاردنەوە.

راستیەکەی (ڤۆڵتێر) لەم کتێبەیدا ئامانجی خۆی بەرێکی پێکا. ئەوەی تەئکیدی لێ کردبووەوە، تەواوی ئەو شتانەبوو کە فەرەنساو فەرەنساییەکان لێی بێ بەش بوون: هەر لەسستمێکی حوکمڕانی کە پشت بەیاسا ببەستێت تا ئازادی ئایینی و پلورالیزمی فیکری و مەزهەبی. (ڤۆڵتێر) لەو کتێبەدا دەڵێت: (ئینگلتەرا مەنزڵگای فەلسەفەیە، کەواتە مەنزڵی رۆحی مۆدێرنیشە. بەر لەهەر

لەولاتێکی تر، رۆحی شارستانیەتیو رووناکی لەئینگلتەرادا لەنگەری گرت. پێویستە ولاتانی ئەوروپایی دیکە شوێن پێی هەلگرن، بۆ ئەوەی کاروانی شارستانیەت زۆر جێیان نەهێلێت).

(ڤۆلتێر) بێئەندازە لەفێندەمێنتالستەکان داخ لەدلّ بوو. بەلگەشمان بۆ ئەوە ئەوەیە کە نەسکێکی درێژ بۆ کتێبەکەی زیاد دەکاتو ئەم نەسکەش دوورونزیك پەیوەندی بەئینگلیزو ئینگلتەراوە نییە، بەلکو فەسلێکە تەرخانکراوە بۆ وەلامدانەوەی گەورە بیریاری مەسیحی (پاسکال).

هەلوێستی (ڤۆلتێر) لێرەدا تەواو دژ بەفەلسەفەی ئایینیەو بەپاشماوەی رابردووی دەزانێت، تەنانەت گەر کەسێکی بلیمەتی وەك (پاسکال)یش، گوزارشتی لیّ بکات. بەکورتیەکەی (ڤۆلتێر) جەسورانە تەبەنی فەلسەفەی نوێی کرد، فەلسەفەیەك کە لەسەرەتای دروستبوندا بوو لەئەوروپا. (پاسکال) کارەکتەرێکی دردۆنگو رەشبین بوو، نەیدەتوانی متمانە بەسروشتی ئینسانی بکات. ئەلبەتە لەکاتو سەردەمی خۆیدا، پاساوی بۆ ئەو شتانە هەبووە. بۆ نموونە فەرەنسا ئەوەندە نەبوو لەجەنگی سی سالە هاتبووە دەریّو بەهۆی شەڕی ناوخۆو قەتلّو عامی مەزهەبیەوە، برستی لەبەر برابوو. کەواتە ئەستەم بوو مرۆڤ لەهەلومەرجێکی وادا بتوانێت گەشبین بێت. رەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووبێت کە (پاسکال) دەلێت: (مرۆڤ ناتوانێت لەم دنیایەدا رزگاری بەدەست بێنێتو سەرفرازبێت، ئەوە کارێکە تەنها لەوەدنیا دەسگیردەبێت).. ئەوەی لەم دنیایەدا هەیە، هەر بەتەنها (زولّمو زۆری فەرمانڕەواکانو جەنگو ستەمو کوشتنو برینە).. کەواتە مرۆڤ چاری نییەو دەبێت بەمەرگو سزا، رازی بێت. هەروەها پێویستە لەسەری تەرێز لەژیانی کۆمەلایەتی بکاتو تێکەلّی نەبێت، لەبەرئەوەی گەندەلّو بێکەلکە. لەسەردەمی کارەساتو مالوێرانیدا دەبێت مرۆڤ گۆشەگیر بێتو بەتەنها خەریکی دیالۆگێکی عاریفانەی قولّ بێت لەگەلّ خوادا. بەمجۆرە لەسروشتەوە بەرەو میتا-سروشت هەلدێت. دەرهەق بەم بۆچوونانە، (ڤۆلتێر) هەلوێستێکی توندی لەم فەیلەسوفە مەزنە یاخود لەم (دوژمنە قەشەنگەی مرۆڤایەتی) وەرگرت. (ڤۆلتێر) پێی خۆش بوو (پاسکال) بەو ناوەبانگ بکات. بەپێچەوانەی (پاسکال)ەوە، (ڤۆلتێر) جەختی لەسەر یەکێك لەخەسلەتە سەرەکیەکانی سەردەمی رۆشنگەری دەکردەوە کە (گەشبینیو پێکەنین) بوو. ئەوەتا دەلێت: (نا، من لەگەلّ ئەو رۆحە رەشبینەدا نیم، تەنانەت گەر لەبیریارێکی مەزنی وەك پاسکالیشەوە دەرچووبێت.. بەلیّ بەختەوەری لەسەرزەوی شتێکی مومکینەو ناکرێت چاوەڕێی ئەوە دنیا بین، بۆ ئەوەی لێی بەهرەمەند بین). بەم بۆچوونەشی ئەو هاوکێشەیەی تێکدایەوە کە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاستو تا ساتەوەختی خۆی لەئارادابوو.

ئێمە بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە لەمەسەلەکە تێبگەینو وێنەکە روون بێت لەبەرچاوماندا، پێویستە فیکر بەو واقیعەوە گرێبدەین کە لەچوارچێوەیدا بووە. لەسەردەمی (ڤۆلتێر)دا باردۆخی ئابووری بەرەوپێش دەچوو، کارێك کە بووە مایەی دەولەمەندبوونی چینەکانی سەرەوەی کۆمەلگەو کەلەکەکردنی سەروەتو سامانێکی زۆر. بەمجۆرەو بۆ یەکەمین جار پەی بەتامو چێژی ژیانو خۆشگوزەرانی مادی برا.

ئیتر وەك جاران برسیەتی قەلاچۆی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی نەدەکرد. واتە مرۆڤ دەیتوانی گەشبین بێتو لەهەلومەرجێکی وادا لەداهاتوو دلنیابێت. بەلام ئەو فەلسەفەیەی لەکتێبەکەی (ڤۆلتێر)دا بوو، زۆر لەوە زیاتر دوورتر دەڕۆشتو پڕکێشی زیاتری دەکرد.

لەفەرەنسای ساڵی 1734دا، هەر بەتەنها خستنەڕووی فەلسفەی پراگماتی (جۆن لۆك)و یاسای کێشکردنی گەردونی (نیوتن)و ستایشکردنیان، بەس بوو بۆ ئەوەی هەرایەکی گەورە بنێتەوە. ڕاستە ئەم بۆچوونانە بۆ ئەو کاتە ڕادیکاڵی بوون، بەڵام هەنووکە هیچ کەس توڕەناکەن و بۆتە بەشێك لەمێژووی بیروبۆچوونەکان. سەرەڕای ئەوەش دەبێت بڵێین ئەو ڕۆحەی ئەم بیروبۆچوونانە دروستیانکرد، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامەو تەنانەت وەکی (ڕینێ بومۆ)، یەکێك لەگەورە پسپۆڕانی بواری لێکۆڵینەوە لەفیکری (ڤۆڵتێر)[13]دا دەڵێت:

(ناوەڕۆکی شارستانیەتی ئەوروپایی، ئەو بیروبۆچوونانە دروستیانکرد).

کاتێك (ڤۆڵتێر)، (نیوتن)ی وەك نمونەی باڵا بۆ فەیلەسوف پێشنیارکرد، ئەوا بەم کارەی دەستی خستە سەر ئەو خاڵەی خۆرئاوا لەوانی دی جیادەکاتەوەو وای لێدەکات پێش میللەتانی دیکەی دنیا بکەوێت. ئەو خاڵەش زانست بوو، بەمانای فیزیایی و ماتماتیکی وشەکە. زانست بەو پێیەی پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتیە، دەتوانێت لەڕێی کەشفکردنی یاساکانی سروشتەوە، ژیانی مرۆڤایەتی بگۆڕێت. (ڤۆڵتێر) ئەمەش بەبەڵگەوە دەسەلمێنێت، بەتایبەت لەوبەشەی تایبەتە بە(پەتای گولی)و ئینگلیزەکان یەکەم کەس بوون کە دەرزی دژ بەو نەخۆشییەیان دۆزییەوە.

پرۆژەی (ڤۆڵتێر) لە(نامە فەلسەفیەکان)دا، درێژەدانە بەپرۆژەکەی (دیکارت) لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (وتارێك دەربارەی میتۆد). تەنها جیاوازی نێوانیشیان ئەوەیە کە (ڤۆڵتێر) لەو کتێبەیدا بایەخ بەزانستی ئەزمونگەری دەدات، زیاد لەوەی خەمی ئەوە بێت تیۆریزە بۆ زانست بکات، وەکی ئەوەی (دیکارت) دەیکرد. سەرەڕای ئەوەش ئیتر زانست وەك ئەوەی ئومێدێك بێت و لەداهاتوودا بۆ مرۆڤایەتی بێتەدی نەمایەوە، بەڵکو لەڕۆژگاری (ڤۆڵتێر)دا بوو بەحەقیقەتێکی بەرچاو. ماوەیەك لەنێوان (ڤۆڵتێر)و (دیکارت)دا هەیە، کەلانی کەم دەگاتە سەد ساڵێك. لەماوەی ئەم سەد ساڵەشدا شتی زۆر لەبواری زانست و پراکتیزەکردنەکانیدا روویدا، ئەمەش وایکرد بۆ یەکەمجار مرۆڤایەتی لەبواری پزیشکی و بوارەکانی تردا، لەبەری زانست بخوات و لەدەسکەوتەکانی بەهرەمەند بێت. بیرۆکەیەکی سەرەکی دیکەی (نامە فەلسەفیەکان)ی (ڤۆڵتێر)، پەیوەندی بەژیانی کۆمەڵایەتیەوە هەیە. چونکە ئەم بەپێچەوانەی (پاسکال)ەوە، پێیوابوو دەکرێت ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی ڕێکبخرێت.

ڕاستە (ڤۆڵتێر) لەو کەموکوڕیانەی مرۆڤ بێئاگا نییە کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیەتی.. مرۆڤ ڕەنگە (تەڵەکەبازو درۆزن و تاوانبارو..هتد)، بێت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش لەم پەتاو بەڵایانە خاڵی نییە.. (ڤۆڵتێر) ئەمانە چاك دەزانێت و گەشبینیشی بەشێوەیەکی سادەو گەمژانە نییە، بەڵام تەرێز لەو وێنە تراژیدیانەش دەکات کە هەندێك عارفی گۆشەگیری وەك (پاسکال) تیایدا نوقم بوون. ئەوانە دنیا تەنها بەدورگەیەکی قات وقڕو ترسناك دەبینن و پێیان وایە قەسابخانەیەکە هەموو مرۆڤێك دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکات تێیدا کەی سەرەی دێت، بۆ ئەوەی پێستی بگورن و سەری ببڕن.

بەڵام ئەم وێنە ترسناکە، لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوروپای مۆدێرندا ناگونجێت. نمونەی ئینگلتەراش دەیسەلمێنێت، کە مرۆڤەکان دەتوانن کەموکوڕیەکانی خۆیان نەهێڵن و ببنە مرۆڤ گەلێکی شارستانی و مەدەنی و لەسایەی یاسادا پێکەوە بژین.

دوای بڵاوبوونەوەی (نامە فەلسەفیەکان)، (ڤۆڵتێر) تەواو لەگەڵ فەلسەفەدا دەرگیربوو. ئەوکات گەشتبووە تەمەنی چل ساڵ‌و هەستی دەکرد کە ئەرکی ڕووناککردنەوەی گەلی فەرەنسا، یاخود توێژی خوێندەواری ئەو وڵاتەی لەسەرشانە. ئەوکات هێڵە گشتییەکانی بۆ شەڕکردن لەگەڵ فێندەمێنتالستەکاندا دیاریکردو زۆر بەهێزو تواناوە، چووەوە بەگژ لایەنگرانی ئایینی ڕەسمی دەوڵەتدا.

بەلای (ڤۆڵتێر)ەوە، فەلسەفە بریتی بوو لەکارکردن لەپێناو حەقیقەتداو بەپلەی یەکەمیش ئامرازێکە بۆ ئازادکردنی ئەقڵ لەدەست خورافەو بڕیاری پێشوەخت. جگە لەکڵێساش کێ ئەم بەندوباوو خورافاتە بەناو خەڵکدا بڵاودەکاتەوە؟ چونکە هەر ئەو بوو کە پەیمانگاو قوتابخانەو زانکۆکانی کۆنترۆڵکرد بوو، بۆیە (ڤۆڵتێر) ناچاربوو لەگەڵ ئەم دەزگا دێرین‌و موقەدەسەدا، بکەوێتە ململانێی توندەوە. بۆ ئەوەی میللەت-یاخود توێژە خوێنەوارەکەی- بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، یان ئەوەیە لەدەستی (برایانی مەسیحیدا) بمێننەوە.

بەمجۆرە شەڕی بێئامانی ڕۆشنگەری دەستی پێکرد، کتێب دژ بەکتێب، لێکدانەوە دژ بەلێکدانەوە، ئایدیا دژ بەئایدیا. ئەمە شەڕبوو لەپێناو ڕزگارکردنی ئەقڵ یاخود مانەوەی بەدیلی‌و داخراوی. ئەم شەڕەش فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، هەنگاو بەهەنگاو بست بەبست دەیکەن، تا دواجار بەسەرکەوتنی ئەمان‌و شکستی فێندەمێنتالیزم کۆتایی دێت. شەڕێك کە مێژووی مرۆڤایەتی، لەوە گەورەترو مەزنتری بەخۆیەوە نەبینیووە.

**گرنگترین کارەکتەری مێژوو کێیە؟**

(ڤۆڵتێر) پێیوا بوو ئەوەی دەبێت دوا قسەبکات‌و بڕیار بدات، ئەقڵە نەك پێودانگە بەسەرچووەکانی ڕابردوو. نابێت هیچ شتێك لەپشکنینی ڕەخنەیی ئەو دەربازی بێت‌و پێویستە شتەکان هەموویان بەکێشانەی ئەقڵ، بکێشین. ئەمەش قسەی پێشینان‌و پەیڕەوی ئایینی‌و بابەتە دنیاییەکانی‌و تەواوی شتەکان دەگرێتەوە. وەك ستایشکردن‌و بەرز ڕاگرتنی پلەوپایەی فیکر، (ڤۆڵتێر) لەسەرەتای سیانزەهەمین نامەی (نامە فەلسەفیەکان)یدا، ئەم پرسیارە دەکات: (ماوەیەك بەر لەئێستا، کەسێك لەیەکێك لەڕێکخراوە بەناوبانگەکاندا، ئەم مەسەلەیەی خوارەوەی وروژاندبوو: گرنگترین پیاو لەمێژوودا کێیە؟ قەیسەرە، یان ئەسکەندەری مەکدۆنییە، یاخود تەیموری لەنگە، یان کرۆمۆیل‌و..هتد؟ یەکێك لەوانەی وەڵامی دابووەوە، وتبووی: گرنگترین کەس لەجیهاندا ئیسحاق نیوتنەو کەسی تر نییە.. بێگومان ئەو کەسە ڕاست دەکات. چونکە ئەگەر گەورەی ڕاستەقینە لەوەدا بێت کە لەئاسمانەوە بلیمەتیەکی مەزن وەرگرێت‌و ئەم بلیمەتیەش بۆ خاتری ڕۆشنکردنەوەی خۆت‌و کەسانی تر بەکاربێنیت، ئەوا بێ چەندوچون پیاوێکی وەك نیوتن مەزنترین پیاو دەبێت لەمێژوودا. نمونەی وەك ئەو، مێژوو دە سەدە جارێك دروستی دەکات. بەڵام سیاسەتمەدارو سەرکردەی سەربازی، لەهەموو سەردەم‌و زەمانێکدا هەن‌و بەزۆریش ئەوانە شەڕانگێزە بەناوبانگەکانن. کەواتە مەزنی‌و گەورەیی شایەنی فیکرو ڕۆحە. مەزنی بۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەنی هێزی ڕاستەقینەن، نەك بۆ ئەوانە بێت کە لەڕێگای توندوتیژی‌و هێزی ڕووتەوە خۆیان بەسەر

خەڵكدا دەسەپێنن و دەیانكەنە كۆیلە. پێویستە رێز لەوانە بگرین كە گەردوون دەناسن و كەشفی دەكەن، نەك ئەوانەی دەیشێوێنن)[14].

گرنگترین شتێك (ڤۆڵتێر) لەئەزمونی ئینگلیزییەوە فێری بووبێت ئەمەیە: (گەورەترین بەڵایەك فەرەنسا گیرۆدەی بووبێت، دەمارگیری ئایینیەو پێویستە بەهەر شێوەیەك بووە لەم دۆخە قوتاری كەین. ئەوەی لەدواكەوتویی فەرەنساو ئەو وێنە رەشەی لەدەرەوە لەسەر فەرەنسا هەیە، بەرپرسیارە، دەمارگیری ئاینییە. ئەوەشی دەتوانێت لەم بەڵایە رزگاری بكات، بڵاوكردنەوەی رۆحی زانستی نوێیە، بۆ ئەوەی گاڤ گاف شوێنی ئەقڵیەتی مەزهەبگەرایی بگرێتەوە كە مێژوویەكی درێژە رەگی داكوتیووە). بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەی زیاتر بایەخی پێ دەدا، گواستنەوەی بیروبۆچوونەكانی (فرانسیس بیكۆن و جۆن لۆك و ئیسحاق نویتن و سستمی كێشكردن و سەرجەم بیروبۆچوونە ئەقڵانی و فەلسەفیەكان) بوو.

ئەو تەواو دڵنیابوو لەوەی هەر كەسێك شەڕی فیكری بباتەوە، ئەوا دواترو هەر كاتێك هەلومەرج لەباربوو، شەڕی سیاسیش دەباتەوەو سەركەوتوو دەبێت.

## كاروانی رۆشنگەری لە (تۆرگۆ) وە بۆ (ڤۆڵتێر):

پێویستە بزانین ئەو كەفوكوڵەی بۆبڵاوكردنەوەی رۆشنگەری لەئارەدابوو ماوەیەكی زۆر لەگەڵ ئەرسۆدەكسیەتی ئاینی و سیاسیدا خۆی گونجاندبوو، بەومانایەی یەكەمین دەستەی فەیلەسوفانی رۆشنگەری لەسەرەتادا نەكەوتنە شەڕی دەستەو یەخە لەگەڵ پیاوانی ئاینی و فەرمانڕەوا ستەمكارەكان.. خەڵكانێكی زۆری ئەو سەردەمە ستایشی ئەو پێشكەوتنەیان دەكرد كەزانست و تەكەنەلۆژیاو مێژوو لەو ماوەیەدا بەدیان دەهێنا، بەبێ ئەوەی ئەو هەوڵانە بەدژایەتیكردنی ئاین یاخود جەوهەری ئاین بدەنە قەڵەم.

راستە فەیلەسوفانی رۆشنگەری بانگەشەی جێبەجێكردنی میتۆدی رەخنەیی ئەقڵانیان دەكردو ئەنجامدانی هەندێك ریفۆرمی ئابوری و سیاسیان بەكارێكی پێویست دەزانی و تەنانەت داوای لێكبوردن و پێكەوە هەڵكردنیان لەبواری كاروباری ئاینیشدا دەكرد، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیەنێ كە ئەوان ویستیان تێكو پێكدانی ئەو دەستەڵاتە بوبێت كەلە ئارەدابوو یاخود رامالینی بیروباوەڕی تەقلیدی بوو بێت.

باشترین وتە بێژی رەسمی فەیلەسوفانی رۆشنگەری لەوقۆناغەدا، كەسێك بوو بەناوی ((TUrgot)) (1727–1781) كە ئابوری ناسو سیاسەتمەدارێكی بەناوبانگی فەرەنسی بوو.. ((تۆرگۆ)) دواتر بووبە وەزیر لەحكومەتی فەرنسیدا، بەڵام پاش ئەوەی داوای هەندێ چاكسازی كردوو ئەم پرۆسەیەش لەبەرژەوەندی چینە باڵا دەستەكانی ناو كۆمەڵگەی فەرەنسیدا نەبوو، پۆستەكەی لەدەست دا.

سەرەتا ((تۆرگۆ)) خۆی تەرخانكرد بۆخوێندنی تیۆلۆژیاو پەیوەندیكردن بە پیاوانی ئاینی ناو كڵێساوە، هەربۆیە تائەو وەختەی لەساڵی 1750 زانكۆی سۆربۆنی تەواو كرد، بەخوێندنی

تیۆلۆژیـاوە خـەریك بـوو.. بـەو پێیـەی سـۆربۆن لـەو قۆناغـەدا زانکۆیـەکی ئـایینی بـوو، کۆلێـژی تیۆلۆژیـای مەسیحیش لەسـەرو تـەواوی کۆلێژەکانی ترەوە بوو، لەبـەر ئـەوەی بـەپێی ئـەو بۆچونە کۆنـەی بـەر لەشۆڕشـی فەرەنـسی لـە ئـارەدابوو تیۆلۆژیـا بـەدایکی هـەموو زانـستەکانی دیکـەو پیرۆزترینیان دادەنرا.. رەنگە لـەمرۆدا ئێمـە پێمـان ئەسـتەم بێت کەلـە سۆربۆندا ئـسوڵی شـەریعەتی مەسیحیو زانستە ئاینیەکان خوێندراوەو لە ئێستادا ئەو بابەتانەی تێدا بەدی ناکەین.. عەلمانیـەتی بێئەندازەی سۆربۆنو دورکەوتنەوەی زۆری لەهەموو ئەوشتانەی پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە، وامان لێدەکەن نەتوانین بەئاسانی بڕوابکەین بەوەی کە سۆربۆن رۆژێك لەرۆژان مەڵبەندی کۆنسێرڤاتیڤو فێندەمێنتالستەکان بووە!.. هەر چۆنێك بێت ساڵی 1750 ((تۆرگۆ)) لـە سـۆربۆن و بـەزمانی لاتینـی دوو وتـاری پێـشکەشکرد، یەکـەمیان بـەناوی تایبەتمەندیـەکانی دەسـەڵاتی مەسـیحیو سـودمەند بـوونی رەگـەزی مرۆڤایـەتی لـەو مەسـەلەیە.. دووەمیـشیان بریتـی بـوو لـە: ئـەو پێـشکەوتنە یـەك بەدوایەکانەی مرۆڤایـەتی تارۆژگاری ئـەمرۆ بەدەسـتی هێنـاون. پێکەوە گرێدانی ئـاینی مەسـیحیو پێشکەوتن لەوکاتەدا کەسی دووچاری سەر سوڕمان نـەدەکرد، چونکە زۆرینـەی خـەڵك پێیـان وابـوو ئـاین لەگـەڵ پێـشکەوتنو رۆشـنگەریدا نـاکۆك نییـە، ئـەوە تـەنها فەیلەسوفەکان بـوون ئـەوەیان پـێ کارێکی مەحاڵ بوو.

سـەرەتا ((تۆرگـۆ)) پێـی وابـوو مەسـحیەت روناکیـەکی نوێیـەو روناکیەکـە هـەزار جـار لـە روناکی ئەدەبو فەلسەفە مەزنترە، لەبەرئەوەی روناکی مەسیحەیەت روناکیـەکی یەزدانیـیە نـەك ئینسانی.. بەڵام تەنها داوای سێ ساڵ (واتە ساڵی 1753) ((تۆرگۆ)) دەستی دایە جیاکردنەوەی رۆشنگەری لە ئاین! بـەڵام داخـۆ چـی رویـدا؟ ئـەوەی رویـدا ئـەوەبوو کـە ((تۆرگـۆ)) چـون کەسـانی تـر کەوتـە ژێـر کاریگەری بیروبۆچونی فەیلەسوفەکانو هاوکات بەچاوی خۆیشی ئـەو کـارە دەمارگیرانەشـی دەبینـی کـە فێنـدەمێتالیزمی کـاتۆلیکی ئـەنجامی دەدان.. لێـرە بـەدواوە کەنیـسەی جێهێـشت و رویکـردە بڕواهێنـان بـەئاینی سروشـتی (واتـە ئـەقڵانی) کـە لەکتێبـە نوێیەکەیـدا (چـەند پـەیامێك دەربـارەی تولێرانس) بانگەشـەی بۆدەکرد.. بـەمجۆرە ((تۆرگـۆ)) دەسـتبەرداری قەناعەتـەکانی پێشووی خـۆی بوو، بۆنمونـە لـەم بارەیـەوە دەڵێت: (دەترسـم ململانێیـەکی بـەردەوام لـەنێوان خورافـەو رۆشـنگەریدا دروسـت بێت، لێـرەدا مەبەسـت لـە خورافات بیروبـاوەڕی کـۆی کۆمەڵگایـە لـەو سـەردەمو قۆنـاغـەدا، هەروەها بیروباوەڕی زۆربەی زۆری پیاوانی ئاینیش بوو.. هـەروەها ((تۆرگـۆ)) لەدرێـژەی قسەکانیدا دەڵێـت: (ئـایین کەلەبـەر رۆشـنایی رونـاکی ئەقڵـدا وەك شـتێکی ناڕاسـتو هەڵـە دێتـە پـێش چـاوو لەبـەردەم بـەرەو پێشـچوونی ئەقڵـدا خـۆی پێناگیرێـت، شایـستەی ئەوەنییـە کـە ببێتـە پێوەرێـك بـۆ دەستورو یاسا دانان).

ئـەو گۆڕانـەی تـەنها لـەماوەی سـێ سـاڵێکدا (1750–1753) بەسـەر فیکـری ((تۆرگـۆ)) دا هـات، پێدەچێت بۆ ئێمە بەراستی مایەی سەرسوڕمان بێت، بەڵام وەکی پرۆفیسۆر ((رۆلان مۆرتی)) باسـی دەکـاتو ئێمـە لێرەداو لـەئامادەکردنی ئـەم نوسـینەدا پـشتی پـێ دەبەسـتین، حاڵـەتێکی دەگمـەن و تایبـەت نـەبووە.. واقعـی حـاڵی ئـەو سـەردەمە بـەمجۆرەبوو: مەسـیحیەکان مانایـەکی مەسـیحیو ئەرسۆدەکسی (واتە ئسوڵی) یان بەبەر چەمکی رۆشنگەریدا دەکرد، بەڵام زۆربـەی نوسـەرانو مەزنـە فەیلەسوفەکان دەیانویست رۆشنگەری لەئاینزای کاتۆلیکی جیابکەنەوە، بەتایبەتی کەکاتۆلیکیەت

قەلاّی سەختی دەمارگیری ئاینی بوو.. بەم جۆرە درەنگ یان زوو شەڕی نێوان ئەو دوو لایەنە دەبوو تاو بسێنێ.. مەسیحیەکان لەو سەردەمەدا پاوانی سستمی خوێندنی فەرەنسایان کردبوو، لە خوێندنگا ئامادەییەکان و زانکۆکاندا و ئامادەش نەبوون لەو سەرزەمینەدا رازی بن بەوەی فەیلەسوفەکان ببنە رکابەرییان کێ برکێی ئەو دووئاقارە بەو مەبەستە بوو تا کۆنترۆلی ئەقلی زۆرینەی خەلْك بکەن و بەو ئاڕاستەیەیاندا بەرن کە خواست و ویستی خۆیانە.

فیندە مێنتالستەکان ئەودەمەی بینیان فەیلەسوفەکان بانگەشە بۆ فیکرێکی نوی دەکەن و ئەو کارەش هەڕەشەلە مەشروعیەتی مێژوویی ئەوان دەکات و دەسەلاّتی ئەوان بەسەر گیان وئەقلی مرۆڤایەتیەوە دەخاتە مەترسیەوە، هەستیان بەمەترسیەکی گەورە کرد. دەتوانین بلّێین قەلّەمبازی گەورە لە نێوان سالاّنی (1750–1760) دا رویدا ولەو ماوەیەدا رۆشنگەری دەستیکرد بە دژایەتیکردنی کلّێساو تەنانەت بەدژایەتیکردنی خودی مەسیحیەت خۆشی.. وەك ئاشکراشە مەسیحیەت لەسەرو رەخنەوە بوو، چونکە ئاینی خودا بوو.. بەلاّم ئەم وەرچەرخان و گۆڕانە هەروا لەناوکاوو بێ کێشە روینەدا. قارەمانە سەرەکیەکانی ئەم وەرگۆڕانە، واتە: (ڤۆلْتێرو دیدرۆو مۆنتسکیۆو ... هتد) خۆیان بۆشەڕێکی ئاشکراو روون ئامادەکرد لەگەلْ ئاینی مەسیحیدا کەبەدرێژایی سەدان سالْ لەئەقلّەیەتی دەستە جەمعیدا رەگی داکوتی بوو.

لەم جەنگەشدا تەرازووی هێز ناهاوسەنگ بوو، لەبەرئەوەی فەیلەسوفەکان کەمایەتی بوون (واتە تەنها دەستە بژێرێکی رۆشنبیر بوون، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی گەل لەگەلْ پیاوانی ئاینیدا بوون..) هەر بۆیە فەیلەسوفەکان بەشێوەیەکی شێلگیرانە هەنگاویان دەنا، بۆنمونە ((ڤۆلْتێر)) زۆربەی کتێبەکانی بەناوی خۆیەوە بلاّونەدەکردەوەو هەر لەگەلْ بلاّوبونەوەیاندا حاشای لێدەکردن و سوێندی دەخوارد کەئەو نوسینانە پەیوەندیان بەوەوە نییە..! هەرچی (دیدرۆ) شە ئەوا لە چەکمەجەی کتێبخانەکەیدا دەیشاردەوە بۆ ئەوەی تەنیا دوای مردنی بلاّوبکرێنەوە، چونکە زولْم و ستەمی مەسیحیەکان بێ ئامان بوو.. سەرەڕای ئەوەش پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو بەرهەم و نوسینانەی بەئاشکرا بلاّودەکرانەوە لەگەلْ ئەونامەو تێکستانەی تەنها ئاڕاستەی هاوڕێ دلّسۆزو نزیکەکان دەکران .. لەپەیڕەوکردنی ئەم ستراتیژیەدا ((ڤۆلْتێر)) زۆر لێهاتوو بوو، ئەوکاتێك نامەیەکی بۆ هاوڕێیەکی باوەڕپێکراوی دەنارد بێ هیچ سلّەمینەوەیەك باسی وردو درشتی بیروبۆچونی خۆی بۆدەکرد، بەلاّم سەروەختێك بۆ خەلْکانی ئاسایی دەنوسی حسابی خۆی دەکردو شێوازێکی ناڕاستەوخۆی بەکاردەهێنا، لەهەر دوو حالّەتەکەشدا دەبینین کە ((ڤۆلْتێر)) باسی لە رۆشنگەری کردووە. لێرەدا دەبێت باس لەوەش بکەین کە ((ڤۆلْتێر)) تەنها لەدوای سالّی 1764 توانی هێرشێکی توند بکاتە سەر فێندەمێنتالیزمی ئاینی، واتە لەپانزە سالّی کۆتایی ژیانیدا ئەو پرۆسەیەی دەست پێکرد. ئەمەش بەلْگەی ئەوەیە کە چەندە ئەو مەسەلەیەی بەهێند وەرگرتوەو چەندەش لەدەرنجامەکانی ترساوە.

بالێرە بەدواوە بەدرودرێژی باس لەو کتێبانەی بکەین کەبەناوی خۆیەوە بلاّویکردونەتەوە.. ((ڤۆلْتێر)) چەمکی رۆشنگەری بۆتەعبیر کردن لەسەر دەمەکەی خۆیی و بۆدژایەتیکردنی سەدەی پێشوتر (واتە سەدەی حەڤدەهەم) بەکاردەهێنا. راستە ((ڤۆلْتێر)) ستایشی چێژی ئەدەبی سەدەی

حەڤدەهەمی دەکرد بەتایبەتی ئەدەبی ((راسین و کۆرنی))، بەڵام سەبارەت بە رۆحی فەلسەفی و ئەقلانی سەدەی هەژدەهەمی پێ لەپێشتربوو.

لەنامەیەکی تایبەتیدا بۆ خانمێکی ئۆرستۆکراتی کەلە گروهی فەیلەسوفانەوە نزیك بوو ناوی ((مەدام دوبیلن))ە دەنوسێت و دەڵێت: (خانمەکەم کەم تازۆر رۆشنگەری لەبرەوسەندندایە، بۆیە دەبێت رێگابدەین پێرەمێردەکان لەخەلوەتگا تاریکەکانی خۆیاندا بمرن!).. لەنامەیەکی تر یدا بۆ ((دارجنتال))ی هاورێیی دەنوسێت: (گوناهی من نییە کەئەم سەدەیە رۆشنەو تەنانەت ئەقڵ پەلی کێشاوەتە ناو ئەشکەوت و ناوچە ئەنگوستە چاوەکان!).. لەشوێنێکی تردا دەڵێت: (پێموایە رۆشنگەری بەهەموو لایەکدا بلاودەبێتەوە، بەڵام رۆشنگەران وەکی پێویست لەناوخۆیاندا کۆك نین و پەیوەندیان ساردوسرە، ئەمە لەکاتێکدا تاهەنوکەش ئاگری دەمارگیری بلێسە دەدات). سەبارەت بەوەش کەبۆچی کتێبەکانی بەناوی خۆیەوە بلاوناکاتەوە بەتایبەت ئەوانەی لەدژی فێندەمێنتالستەکان دەینوسێت، بۆ ((دالا مپێر))ی هاورێی دەنوسێت: (نابێت هەرگیز ناوی نوسەرەکان ئاشکرا بکەین، چونکە گرنگ ئەوەنییە کێ حەقیقەت دەڵێت و لەکوێوە دێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بوترێت).

پاشان سەبارەت بە سەدەکانی ناوەراست و دادگاکانی پشکنین دەڵێت: (ئەوە بەرهەمی دزێوترین ئەقڵیەتی خورافی بوو لەمێژووی مرۆڤایەتیداو تەنها ماوەیەکی کەمە لەو تاریکیە قوتارمان بووە، بەڵام تائێستا هەموو شتێك روناك نەبۆتەوە). لەلایەکی ترەوە زۆر بەتوندی دژایەتی ئەو بریارەی راگری کۆلێژی تیۆلۆژیای زانکۆی سۆربۆن دەکات کەدژایەتی فەلسەفە دەکات و داوا لە پاشاکانی ئەوروپا دەکات بەبەهانەی ئەوەی مەترسی بۆسەر ئاین هەیە، سەرکوتی بکەن و رێگری لێ بکەن.

((ڤۆڵتێر)) دەڵێت: (فەلسەفە ئەو چراوگەیە کەدەبێت رێگای مرۆڤایەتی رۆشن بکاتەوەو هیچ لایەنێکیش وەکی دادگاکانی پشکنین ئەم مەشخەڵەی بۆسوتاندنانی بیریاران بەکارنەهێناوە). بەواتایەکی تر فەلسەفە بەهۆی بیروبۆچون و بیرکردنەوەی تایبەتەوە هیچ کەسێکی نەکوشتووەو بریاری پاکتاوکردنی هیچ گروپێکیشی نەداوە.. فەلسەفە خوێنی خەڵکی بەهەدەر نەرشتووەو بێ پەرواش هیچ کەسی بەکافر نەداوەتە قەڵەم، بەڵکو لەپێناو زانیننی راستی و ناراستی قسەو کردەوەکاندا هەمیشە گەراوەتەوە بۆئەقڵ و لۆژیك و بەڵگەی سەلمێنەر.. فەلسەفە بەردەوام دانی بە فرەبۆچون و بیرباوەرەکاندا ناوە، تا ئەو ئاستەی ((ڤۆڵتێر)) لەم بارەیەوە قسە بەناوبەنگەکەی خۆی کردو ئەم وتەیەشی بووە مایەی دامەزراندنی فەلسەفەی دیموکراسی لەخۆرئاوادا.. ئەو دەستەواژە بەناوبانگەشی بەمجۆرەیە: (رەنگە لەگەڵ تۆدا ناکۆك بمو هاورات نەبم، بەڵام لەپێناو دەربرینی بیروبۆچونەکانتدا ئامادەم خۆم بەکوشت بدەم).

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

1. دواتر لەکایەی رۆشنبیری فەرەنسیدا، رۆشنبیرگەلێك شوێن پێی (ڤۆڵتێر)، هەڵدەگرن، لەوانە: (ڤیکتۆر هۆگۆ، ئەمیل زۆلا، ژان پۆل سارتەر)و دەیانی دیکە کە لەپەنجاکانی سەدەی رابردوودا داکۆکیان لەمافی جەزائیر کرد لەسەربەخۆیی و بەدەست هێنانەوەی مافی سەروەری. لەوکاتەدا رۆشنبیر لەپێناو راستیدا دژ بەسیاسەتی وڵاتەکەی خۆی وەستایەوە، وەك چۆن (ڤۆڵتێر) بەگژ

ئاینزاكەی خۆیدا چووەوە، لەپێناو داكۆكیكردن لەوانەی تەنها لەبەرئەوە دەچەوسێنرانەوە كە سەر بەئاینزایەكی دیكە بوون.

Andre Versaille, Dictionnaire de La Pensee de Voltaire, paris, 1994, pp. .2 1232-1233.

3.بزاوتی جانسینیزم Jan Senisme دەدرێتە پاڵ (جانسینیوس) كە بڕوای بەجەبرگەرایی هەیە. بزوتنەوەكەی خەسڵەتێكی دۆگمای ئایدیۆلۆژیو ئەخلاقی توندوتۆڵی هەیەو باڵی هەرە توندڕەوی ناو ئاینزای كاتۆلیكییە. ئەم بزاوتە ململانێیەكی دوورودرێژی لەگەڵ یەسوعیەكاندا ئەنجامداو ئەمانە یان بەكەمتەرخەم دەرهەق بەمەسەلەی باوەڕو ئایینو مۆراڵ، سەیردەكرد. كاتێك بەكەسێك دەڵێیت (جانسینیە)، ئەوە مانای وایە ئەو كەسە زۆر توندڕەوو دەمارگیرەو.. (ڤۆڵتێر) و زۆر لێیان دەترسا.

4.لەبەرئەوە، ئەوانەی پێیان وایە ئەو فێندەمێنتالیزمە ئیسلامیە توندڕەوەی ئێستا لەئارادایە، تا هەتایە بەرگەدەگرێتو بەردەوام دەبێت، بەهەڵداچوون. چونكە درەنگ یان زوو ئەویش بەهۆی هۆكاری ئازادیخوازی ناوەكیو دەرەكیەوە هەرەس دێنێت، بەڵام ئەڵبەتە دوای ململانێیەكی دژوارو تولانی. لەبەر ئەم هۆیە وتم: (ئێمە بەپێچەوانەی ئەوروپیەكانەوە، رۆشنگەری لەپێشدەمماندایە نەك لەدوامانەوە بێت).

5.بڕوانە ئەم سەرچاوەیە كە ئێمە لەئامادەكردنی ئەم لێكۆڵینەوەدا بەزۆری پشتمان پێبەستووە: مێژووی ئاینزای كاتۆلیكی لەفەرەنسا، قۆناغی هاوچەرخ.

A Lattrie et R.Remond, Histoire du CathoLicism en France. Vol,I II, paris, 1962, pp. 17-18.

.Ibid., pp. 20-12.6

.Jean Gold zink, Voltaire, Gallimard, paris, 1989, p.30.7

8. (ڤۆڵتێر) یەكێك بوو لەوانەی زۆر بەشارستانیەتو لێكبوردنی ئایینی ئینگلیزەكانو كرانەوەیان بەسەر زانستو فەلسەفەدا سەرسام بوو. خۆی بەسەربازێكی ون دەزانی، كە ئامانجی گواستنەوەی فیكری ئینگلیزییە بۆ ناو فەرەنسا. زۆر باش لەگرنگی وەرگێڕانو رۆڵی ئەو پرۆسەیە لەبەرەوپێشبردنی شارستانیەتدا تێگەیشتبوو. ئەو یەكێك بوو لەوانەی داوای وەرگێڕانی رۆحی تێكستو نووسینەكانی دەكرد، نەك وەرگێڕانی حەرفی. لەمبارەیەوە دەڵێت: (وەرگێڕانی حەرفی، رۆحی تێكست دەكوژێت).

بڕوانە ئەم كتێبەی (ڤۆڵتێر):

.Lettres philosophiques, flammarion, paris, 1964, p.122

9.وەكی (جۆرج تەرابیشی) پێی راگەیاندم، لەزمانی فەرەنسیدا جیاوازی لەنێوان كەسێكدا هەیە كە لەڕێگای ئەقڵەوە ئیمان بەخوا دێنێت، لەگەڵ یەكێكی تردا كە لەڕێگای وەحیەوە ئیمان دێنێت. یەكەمیان پێی دەوترێت deiste و دووەمیشیان theiste. راستیەكەی من نەمتوانی لەزمانی عەرەبیدا وشەیەك بدۆزمەوە كە بۆ ئەم دوو وتەزایە بگونجێت دواجار دەمەوێت بڵێم، ئیمانی (ڤۆڵتێر) بەخوا، ئیمانی فەیلەسوفانە نەك ئیماندارە تەقلیدیەكان.

10. Paul Hazrd, Lapen See europeenne au XVIIIeme Siecle, op. cit, pp. 392-393.

11. ئەم قسانە دەدرێتە پاڵ قەشە (بیرگیێ)، یەکێك لەفێندەمێنتالستەکانی سەردەمی (ڤۆڵتێر)، بەڵام دەکرێت هەر فێندەمێنتالستێکی دیکەش بیکات، لەبەرئەوەی ئەمە تەنها بۆچوونی تاکەکەسێك نییەو بۆخۆی گوتارێکی دەستەجەمعی بەهێزە.

بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە:

J-L. Tritter, Traie sur la to lerance. Volt aire. Ed. Ellipse. Paris, 1999, p.87.

12. نوسەری ئەم دێڕانە پێی وایە هۆشیاری ئیسلامیش لای خۆیەوە پێیناوەتە قۆناغی بنبەستو قەیرانەوە. واتە بەو قەیرانە دەچێت کە دووسەدە لەمەوبەر هۆشیاری مەسیحی ئەوروپی لەپای بەریەککەوتنی بەزانستی مۆدێرن رووبەڕووی بووەوە. ئەڵبەتە کەس نازانێت کەیو چۆن ئەم قەیرانەی ئێمە لەگەڵ خۆمانو جیهانی مۆدێرندا کۆتایی دێت. لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا هەر لەسەرەتادایناو بۆ دەرچوون لەم حاڵەتەوە رەنگە سەدەیەکمان پێ بچێت.

13. بڕوانە ئەو پێشەکیەی پڕۆفیسۆر (رینێ پومۆ) بۆ نامە فەلسەفیەکانی (ڤۆڵتێر)ی نووسیووە:

Voltaire, Lettres Philosophiqes.
Flammarion, Paris, 1964.

لەکاتی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، پشتێکی زۆرم بەم کتێبە بەستووە. شایەنی باسە پڕۆفیسۆر (بومۆ) یەکێکە لەهەرە بەناوبانگترین ئەو قەڵەمانەی لەسەر ئاستی فەرەنساو دنیا پسپۆڕیان لەفیکری (ڤۆڵتێر)دا هەیە. ئەم پیاوە هەموو تەمەنی درێژی زانستی خۆی بۆ فیکری ئەو تەرخان کردووە.

14. Ibid., P. 82.

15. سۆربۆن لەو سەردەمو رۆژگارەدا زانکۆیەکی ئایینی بوو.

16. بۆ ئەوەی خوێنەر لەتەرازووی هێز لەو سەردەمەدا ئاگاداربکەمەوە، ئەوا دەڵێم ژمارەی هاوڵاتیانی فەرەنسا لەو کاتەدا بیستو هەشت ملیۆن کەس بوو. ژمارەی فەیلەسوفەکانی ئەوەندە نەبوو، هەوادارانیان لەپاریسدا لەسێ هەزار کەسێك تێنەدەپەڕین. لەهەموو فەرەنسادا پانزە هەزار کەسێك لایەنگری رۆشنگەری بوونو ئەوانی تر هەموویان فێندەمێتالیست بوون. بەڵام سەرەنجام فەیلەسوفان سەرکەوتنو ئەو ململانێیەیان بەقازانجی خۆیان شکاندەوە.

**سەرچاوە:**


د.هاشم صالح– مدخل الى التنوير الاوروبي، دار الطليعة، بيروت–الطبعة الاولى، 2005.